# گوڵزاری هەورامان

## ئەدەبیات

### بەشی پێنجەم

دەوری رامیاری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکانی هەورامان و جافەکاندا

هێرشی تورک بۆ ناوچەکانی هەورامان (ئاغا عینایەت)

## پێشەکیی:

لە دەوروبەری سەدەی هەشتەم و حەوتەمی، پێش زایینیدا، لە لایەن، یاخود لەسەر خشتە نووسراوەکانی ئاشوورییەکانەوە، دەنگوباسی، دوژمنەکانیان، کە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەوە (میسۆپۆتامیا)ن و شەڕوشۆڕیان، لەگەڵیاندا و چۆنیەتی سەرکەوتنی خۆیان و کردەوەیان و هەڵسوکەوتیان، لەگەڵیاندا، بەفراوانی، نەقش کراوە و، ئەو دوژمنانەشیان، کە بەدەسەڵاتداریی و ئازایەتی و لێهاتوویی، لە قەڵەمیان داوە، دەوڵەتی (ماد)ەکان بوون!

لەو ڕووەوە، زۆر شت (کە وەک: چەکی مادەکان، قەڵاکانیان، سەروەت و سامانیان، جلیان، جۆری خشڵی ژنانیان،...)ی، مادەکانیان، (وەک نەقش و تابلۆ، بەسەر خشتە سوورۆ کراوەکانی ئاشوورییەکانەوە) پیشان داوە!

بۆ، وێنە، چەند ساڵێ لەمەوبەرتر، لام وایە، نزیکە (٦-٧) ساڵێ لەمەوبەرتر کاربەدەستانی، شوێنەوارەکانی (نەینەوا)، هەندێ خشڵی ژنانەی دۆزراوە، کە لە کەلاوە، پاشماوەکانی (نەینەوا)دا، دۆزرابوونەوە، دەریان هێنابوو و لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن، پیشانیان ئەدا و بەپێی ئەو زانیاریانەی کە ئەوان هەیان بوو، وەهایان، لە قەڵەم دەدات، کە سەرپاکی ئەو خشڵانە (خشڵی زێڕ؛ بازن، پەروانە، لوولە و زنجیر، گوارچەناخ، هەیاسە، کەمەرە) هی دوژمنەکانیان، کە لە شەڕی، خارخار، (دێیەکە، کەحاڵی حازر، بەو ناوەوە، هەر ماوە و کەوتووەتە، چوارچێوەی سنووری، ئیداریی، ناوچەی (بانە)وە، یاخود، لەو دەوروبەرە)دا، دەستیان کەوتووە!

زۆری پێ ناچێ، دەوڵەتی مادەکان، بەسەر دەوڵەتی ئاشوورییەکاندا، سەردەکەوێ و ئەم سەرکەوتنەش، ئەنجامی، یاخود بەرهەمی، شەڕوشۆڕێکی دوورودرێژ و بەرفراوان و ڕووخێنەر و کاولکەری نێوان، هەردوولا بووە و ئەوەش بوو، کە یەکەم ستراپنشینی مادەکان، لە (نەینەوا)دا، کچێکی (مادی) بوو! پاش بەسەرچوونی ماوەیەکی زۆر، بەسەر ڕووخاندنی دەوڵەتی ئاشووردا، دەوڵەتی (ماد) بەملا و بەولادا، فەرمانڕەوایی بڵاو کردەوە و تاوەکو هەخامەنشییەکان، توانیان، مادەکان، لەسەر کورسیی فەرمانڕەوایی لابەن و بەناوی خزمایەتی و یەک ڕەگەزییەوە، دەوڵەتی هەخامەنشی و ماد، دابمەزرێنن و ئەم ناوە، زۆر درێژەی نەکێشا، تاوەکو، ناوی (ماد) بەرە بەرە، لەسەر پەردەی بینراوی دەوڵەت، دەسڕایەوە و لە بەرچاو ون دەبوو!



لە ڕووی دینییەوە و ڕۆشنبیریی دینییەوە، فەرهەنگەوە، ئەوەی، کە هەخامەنشییەکان، لەسەری دەڕۆیشتن و بەکاریان دەهێنا و شانازییان، پێوە دەکرد، هەر ئەوەی، دەمی مادەکان بوو، بەدین و دنیاوە!

ئەوەی، کە دەبێ، بوترێ، ئەوەبوو، کە هەخامەنشییەکان، کاتێ پەنایان بەر دینی مادەکان و فەرهەنگە دینییەکەیان دەبرد، کە هەستیان، بەجێگا لێژی بکردبایە، چونکە یەکگرتنی، ناوچەکانی ئێرانیان، لە ڕووانگەی یەکگرتنی دین و دنیاوە، دەدیی و ئەمەش، ڕێڕەوێکی ڕەوانی ڕامیاریی و دینی بووە، لەو دەمەدا!

گریکەکان (یۆنانیەکان)یش، ئەوە بوو، هاتن و دەوڵەتی هەخامەنشییان، بەیەکدا، داشکاند و بۆ ماوەیەکی، زۆر لە وڵاتەکانی ئێران و لە کوردستاندا، فەرمانڕەوا، بوون!

ئەوەی، کە دەبێ، لەم ڕووەوە، بوترێ و سوودی پێ وەربگیرێ، ئەوەیە، کە هەخامەنشییەکان، پەرەیان، بەفەرهەنگی دینی و ڕۆشنبیریی مادەکان دا و چونکە لە یەک ڕەگەز بوون، ئەگەرچی، دینێکی دیاریکراویان، هەروەک، وەها دەردەکەوێ، نەبووە!

بەڵام، یۆنانییەکان، لەبەر ڕەگەز جیاوازیی، لە لایەکەوە و بوونی دینی جۆراوجۆر و خوالەی دینی جۆراوجۆر و زمانی جیاواز و، هەوڵی لەناوبردنی فەرهەنگی دینی ئێرانییەکانیان، دا!

لەناوبردنی، فەرهەنگی دینی مادەکان، لە لایەن، یۆنانییەکانەوە، وەک کتێبی ئاڤێستا و هەندێ ڕەویە و ڕەوشتی دینی، کە توانای پتەوکردنی دینییان هەبووە، بەو نیازەی، تاوەکو بتوانن، یەکیەتی گەلە ئێرانییەکان لەناوبەرن و بەهۆیەوە، دنیا دەبێتە، ماستی مەییو، بۆیان، لەناوبرا!

واتە، کتێبی ئاڤێستا، زۆربەی بەشەکانی، سووتێنرا، جۆرە فەرهەنگی دیکەیان لەناوبرا و ئەو بەشانەشی، کە پەیوەندییان، بەئەدەب و حەکیمی و فەلسەفەوە، هەبووە، بۆ یۆنان براوە و زۆربەی زۆریشی، وەرگێڕدراوەتە، سەر زمانی یۆنانی (گریکی) کۆن!

ئێمە، لێرەدا، لەم کورتە سەرگوزەشتە مێژوویییە، مەبەستمان، مێژوو نەبوو! بەڵکو، مەبەستی هەرە سەرەکیی، ئێمە، لێرەدا، ئەوە بوو، کە بتوانین دەستنیشانی، هەندێ شت بکەین و ناوی هەندێ چەرخی ڕۆشن و نارۆشن، (بەپێی پێناسەی گەشەی فەرهەنگ و زانیاریی و سست بوونی و لاواز بوونی) بەرین و بۆ ناسینی ئەو چەرخانەش، خوێنەر بەوە ماندوو نەکەین، کە بۆ مێژوو بگەڕێتەوە، بۆ زانین و ناسینی ئەو چەرخە، یان ئەوی

دیکەیان!! پێش ئەوەی، بێینە، سەر ناوەڕۆکی مەبەستەکە، پێویستە، ئەوە، لە یاد، نەکەین، کە ئەشکانییەکان، توانیان، یۆنانییەکان و دۆستەکانیان دەربکەن و پاش ماوەیەکی زۆریش، دەوڵەتی ساسانی هاتە کایەوە و ئەویش ماوەیەکی زۆر و درێژ، فەرمانڕەوایی سەرپاکی ناوچەکانی ئێران و کوردستانی کرد و بەنیسبەت، کوردەوە، هەر لە هەمان کاتدا، ڕۆمەکان هەبوون و بەشێکی زۆری کوردستانیان، بەدەستەوە بووە و پاشانیش، دەوڵەتی ئیسلام و تا ئەمڕۆیش بەم جۆرەیە، کە هەیە!

پاشماوەی هەخامەنشی، جگە لە نووسراوەکانیان، کاخەکانیان، شتێکی دیکەی بەفەرهەنگ سوودبەخش، بەجێ نەماوە، یان، ئەگەریش بەجێ مابێ، هێشتا نەدۆزراوەتەوە!

زمانی هەخامەنشیش، ئەگەر پێت تەتەڵە، بکرێ و لە زمانی ئاڤێستایی و (مادیی)، پاک بکرێتەوە، هەروەها، لە وشەی عیلامیی و سۆمەریی قەرزکراو جوێ بکرێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ، کە لە شێوەی زمانێ دەردەچێ و هیچی بۆ نامێنێتەوە!

هەخامەنشییەکان، لە تەختی جەمشیددا، زۆر لایەنی فەرهەنگییان، ڕۆشن کردووەتەوە، کە ئەوان، زۆربەی زۆری شتەکانیان، یان مادین، یان لەسەر بنەڕەتی (مادی)یەت، دروست کراون و بۆ وێنە؛ لەو ڕووەوە، خۆیان لە نووسینەکانی ئەوێیاندا، وەها، لە قەڵەمیان دا، کە چەکەکان و جلی سەربازەکان و وڵاخەکان و هەڵسوکەوتی میهرەجانەکان و جەژنە دینییەکانیان، (مادی)ن، یان لەوانەوە، وەریان گرتووە!

هەروەها، جۆرە دەنگوباسی وەها، واتە؛ ئەو دەنگوباسانەی، کە پەیوەندییان، بەفەرهەنگ و ڕۆشنبیریی و زانیاریی مادەکانەوە، هەبێ، لە لایەن، گریکەکانەوە زۆر هەن و نرخێکی تایبەتیشیان، بۆ داناوە! بەڵام، دەنگوباسی مادەکان و باری ڕۆشنبیرییان و جۆری فەرهەنگیان و پلەی زانیارییان، لەوە بەملاوە، بەرەو ون بوون و نەمان و شاردنەوە، دەڕوا و بێگومان، هەروەک هەشە و زۆریشە، بەڵام دەست دەستێ دەکەوێ، کە دڵسۆز و ئەمین و ڕاستگۆ نییە!

ئەوجا، ئەگەر کێشەکە، وەها بێ! ئەگەر ئێمەیش، هەر وەها بین، کە هەین، بێگومان، بەرەو نەمان و بەرەو بیرچوونەوەش، دەڕۆین!

لێرەدا، بەتایبەتی، خوێندەوارەکانمان، ئەوانەیان، کە گۆشەی، ئەدەب و ڕۆشنبیرییان، خستووەتە، ئەستۆی خۆیان، بەرپرسن بەوەی، کە لەم ڕووەوە، چە جۆرە خزمەتێکیان، بۆ



خۆیان و گەلەکەیان کردووە! هەروەها، ئەرکی سەرشانیانە، کە جە جۆرە نەخشەیەک، بۆ ناسینی خۆیان و ناسینی گەلەکەیان دابڕێژن!!

لەم ڕووەوە، زۆربەی خوێندەوارەکانمان، جێگا سەرزەنشتن، چونکە؛ بەبێ بیر لێ کردنەوە، بەبێ ئەوەی توانییێتی، ئەرکی سەرشانی خۆی بەرامبەر گەلەکەی، دیاریی بکات و لە کۆشکی تەمەڵی و تەوەزلی و خۆ بەخێوکردن و دوور لە بیر نەکردنەوە، لە خەڵکی دیکە، دەرباز بکات و جگە لەوەی، کە خۆیان، نایانەوێ، خۆیان، لەم بوارە بدەن، دوای مێژووی کورد و بەسەرهاتی و گۆشەکانی دیکەی ڕۆشنبیریی دیکە دەکەون و هەندێ جاریش، پرسیاری سەرسوڕهێنەر، دەخەنە، گۆڕەپانی دەمەتەقێوە، بەوەی، کە دەڵێن: (ئایا، کوردیش، مێژووی هەیە، یان زمانی هەیە، یان، ئایا زمانی کوردیی ڕێزمانی، وەک فارسی، یان، وەک عارەبی هەیە!؟)

بەهەرحاڵ، ئێمە، خۆمان، بەوەرامدانەوەی، ئەو جۆرە کەسانەوە، خەریک ناکەین و ئا لێرەدا، دەبێ ئەوە، بڵێین؛ بەتایبەتی بەو کوردانەی، کە مەبەستیان زانین و ناسینی، مێژووی کورد و بەسەرهاتیانە، دەبێ پەنا، بەرنە، بەر سەرچاوەی جۆراوجۆر؛ هی عارەبی و تورکی و فارسیی و گریکی و هی بێگانەی دیکەش و هەوڵ بدەین، کە لە دوێ توێی ئەوانەدا، زانیاری، هەمەجۆر لە بارەی باو و باپیری کوردەکان، مادەکان –ەوە، بدۆزینەوە و بییانخەینە، بەر سەنگی مەحەکی لێکۆڵینەوە و بەراووردەوە، تاوەکو بەهۆیانەوە، بتوانین زانیاریی زۆرتر و ڕەواتر، لە بارەی کورد و سەرگوزەشتەی دێرین و هی ئەمڕۆیان، بخەینە بەردەستی خوێنەر!!

کورد واتەنییەک، هەیە و دەڵێ: تۆ خۆت، لە هەموو کەسێ، باشتر دەناسی و دەتوانی بناسی!!

واتە؛ ئەو دڵسۆزییە، کە تۆ بۆ خۆت، هەتە، یەکێکی دیکە نییەتی و ناتوانێ هەیبێ!! جگە لەوەش، تۆ، لە هەموو کەسێ، باشتر، خاس و خراب و ڕاست و ناراست، دەتوانی، جیا بکەیتەوە!! ئەگەر پەیوەندیی، کارەکە، بەخۆتەوە، هەبێ!

ئێمە، تا ئێستە هیچێکی زۆر کۆنمان، کە پەیوەندیی، بەمێژووی کوردەوە هەبێ، لە لایەن کوردەوە، کە وەک نووسراوێکی ڕاست و ڕەوان، دەست نەکەوتووە!

ئێمە، لە ڕووالەتی نووسراو، لە چوارچێوەی ئەدەب و وەچەکانی، لە چوارچێوەی نووسراو و نەقش کردندا، لە قالبی پەیکەر و دراودا، لە چوارچێوە دینی، یان

هەڵسوکەوتی کەلەپووریی بەجێماویدا، زۆر دەوڵەمەندین! بەڵام، ئەوانە، وان بەدەست کێوە، لە لای کێن!، چە دەستێکی ناپاک و دەروون پیس، شتی وەهای لایە! یان شاردوویەتیە یاخود، لە کوێ، ئەو دراوانەی فرۆشتووە و بەکێیی داون و ئەی ئەو کڕرەرە، چی پێ کردوون و بۆ کوێی بردوون و لە کوێ، بەندی کردبن، یان بەبەندکردنی دابن!!

بەهەرحاڵ، ئێمە، لەو ڕووەوە، زۆر نەبێ، کەم، توانامان هەیە، کە هەندێ زانیاریی، بەنرخ، بخەینە، چوارچێوەی، ون نەبوونەوە! لەم لایەنەشەوە، ئەگەرچی، زۆر کەمی ماوە، بەڵام بەشی ئەوە، دەست دەکەوێ، کە مێژوو و فەرهەنگی، دەمێ، یان، چەند چەرخێ، لە چەرخەکانی مێژوومان، بۆ ڕاست بکاتەوە!

بۆ وێنە، قانیع، توانیویەتی، لە چوارچێوەی سەرگوزەشتەدا، هەندێ زانیاریی مێژووییمان، بۆ بخاتە، قاڵبی هۆنراوەوە و بێگومان، زۆربەی زۆری زانیارییەکانی، لەو ڕووانگەوە، پەنایان بردووەتە، بەر سەرچاوە، سا، بەهەر جۆرێ بووبێ!

لە بەرهەمەکانی مەولەوی لە لایەن زۆربەی خوێندەواران و زانایان و پیاو ماقووڵانی سەردەمی خۆی، تۆمار کراون و زۆر لایەنی هەڵسوکەوتی جافیش، بەوێنە، تابلۆ گیراون و لە بەرچاو و گوێ و ڕووەوەن!

سەیدی هەورامی یەکەم، دیمەنی هەورامان و جۆری هەڵسوکەوتی ئەو ناوچانەی، لە ڕووی مێژووەوە و لە ڕووی جوانی سروشتەوە، خستووەتە، ڕوو! سەدان، شاعیری دیکەی دێرینمان هەن و شتی بەنرخ و گرانبەهای ئەودەمانەیان، وێنە، بۆ گرتووین و کە خۆی لە خۆیدا، گۆشەیەکی گرانبەهان لە مێژووی کورددا!

مەلا شەریفی بێسارانی، وێنەی جەنگی (هەورامان و رووسی) بۆ گرتووین و خستوویەتییە، قاڵبێکی ئاوازی شیعرەوە! هەروەها، وێنەی ئەنجامی، ئەو شەڕەی، بۆ گرتووین، کە گرانییەکی، کوشندە بووە!

میرزا مەحموودی مستەوفی، بەنامەیەکی هۆنراوەیی، باسی دیمەنی بەندیخانە و هەڵسوکەوتی خەڵکەکەی دەکات!

(ئاغا عینایەت)یش، یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانە، کە بەهۆی هۆنراوەکانیەوە، چەند شتێکی جوان و ڕازاوە و گرانبەهامان، بەدەستەوە، دەدات و ئەوانیش؛ بەلای ئێمەوە، لایەنی جوگرافیایی ناوچەی جوانرۆ و هەورامان و لایەنی دیمەن و ڕەواڵەتی چۆنیەتی گرتنەکەیان و هەروەها، دیمەنی هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی ناو بەندیخانەکە و ئەوجا،



دیمەنی ئێش و ئازاریی دەروونی خۆی!!

جگە لەمەش، ئاغا عینایەت، لە زینداندا، نامەی بۆ محەمەد بەگی ڕۆستەمی کە ئەویش، لەو زیندانی (ئەسفەهان)ەدا، بووە، نووسیوە و هەروەک، میرزا مەحموودی مستەوفی، لە زیندانی (قەجەر)دا، (کەریم سان)ی، بەنامەی شیعریی، هێناوەتەوە، گفتوگۆی شیعر وتن، ئەمیش، توانیویەتی، محەمەد بەگی ڕۆستەمی (بەهۆی نامەشیعرییەکەی هەردوولاوە، قسەڕەوانی و دەمپاراویی و هونەری هۆنراوەیەتی، و خۆشیی نێوانیان) بەهۆی نامەیەکی وەرامگۆنەوە، بەئێمە و خوێنەر، بناسێنێ و پتر لەوەش، نەمری خۆیان، بخاتە خانەی نەمریی و لە بیرنەچوونەوەوە!

لەوەش، بەولاوە، ئاغا عینایەت، سەرەڕای، ئەو پەشێوییە دەروونییەی و ئەو زۆر و جەورەی ناو بەندیخانە و هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی ناوی، توانیویەتی وێنەی کیژێکی ئەرمەنی جوان -مان، بۆ بگرێ، کە لە بەندیخانەدا، بەرێککەوت بەرچاوی کەوتووە!

کەوا بوو، هۆنراوەکانی، ئاغا عینایەت، ئاوێنەیەکی پاک و بێگەردن؛ کە بەسەرهاتی خۆیان و هی گیراوییەکەی و سەفەری نێوان، جوانرۆ و کرماشان و ئەوجا، هی ئەوێی بۆ ئەسفەهان و ئا لەوێشدا؛ لە بەندیخانەدا و، ناوەوەی بەندیخانە و جۆری خواردن و خۆراکی و ماوەی ئەو دە ساڵەی بەندیخانەی و جوگرافیای جوانرۆ و هەورامان و باوەجانی ڕوانسەر و کامیارانی، گەرمەسێر و... هتد جۆری ژیانی خەڵکەکەی، بەجوانی دەردەخات و بەرۆشنی دەیانخاتە بەردەم خوێنەری ئەمڕۆ!

لەوانەیە، کە هۆنراوەکانی، ئاغا عینایەت، لە ڕووی هونەری هۆنراوەییەوە، لە پلە و پایەیەکی، زۆر بەرزدا، نەبن! بەڵام، لە ڕووی مێژووەوە و لە ڕووی سەرگوزەشتە و بەسەرهات و هەڵسوکەوتی، ئەو ماوەی بەندیی خۆیەوە، کە بۆ ماوەی دە ساڵێ بووە و لە ڕووی هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی بەندیخانەوە و جۆرە ژیانیان و خواردنیان و لایەنی تەندروستیان و نۆشدارییان و بیروڕایان، بەرامبەر بەکەسوکاری دووریان و بەسەرهاتیان؛ هەروەها چە لە ڕووی مێژووییەوە، چە لە ڕووی جوگرافیاییەوە، چە لە ڕووی ئابوورییەوە، وەک ئاوێنەیەکی ڕاستەقینە، وەک وێنەگرێکی لێهاتوو و داهێنەر، وەک ڕازخوانێکی دەمپاراو، سەرپاکی ڕووداو وێنەکانمان، دەخاتە بەردەم، بەتایبەتی مێژووی بەسەرهاتی ناوچەکانی هەورامان و جوانرۆ و جوگرافیایان و زۆربەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و باری ئابووریی و کۆمەڵایەتییان!

ئێمە، پێش ئەوەی، کە بێینە، سەر هەندێ بەڵگەی هۆنراوەیی، بۆ بتەوکردنی جێگای وتەکان، لە بارەی، زانایی و لێهاتنی ئاغا عینایەتی هۆنراوەییە و بەتایبەتی، بۆ ئەوەی، کە خوێنەری ئاسایی، باوەڕیان پێ بێنێ، دەبێ ئەوە بڵێین، کە ئاغا عینایەت، پلەی خوێندەواریی، نزم بووە و لە لایەکی دیکەشەوە، جگە لەو ماوەی بەندیخانەیەی، کە بۆ ماوەی دە ساڵێ، لە بەندیخانەی ئەسفەهان، لەگەڵ محەمەد بەگی ڕۆستەمیدا، لەوێدا، بەند بوون، ئیتر نەیتوانیوە، (یان ئەگەر وتبێتی، بەرچاو نەکەوتووە!!) شیعر بڵێ!!

بەشێوەیەکی، ڕوونتر، ئەگەر بەندیخانە و ئەو جۆرە دەوروبەرە ناهەموارە نەبوایێ، کە بۆ ئاغا عینایەت، ڕەخساوە، لەو باوەڕەدام، کە ئێستە، ناوی ئاغا عینایەت، بەم جۆرەی ئێستا، نەدەچوویە، ڕیزی ناوی شاعیرانی نەمرەوە و پتریش، لەوە، ناوی، لەگەڵ، کۆچی دوایی خۆیدا، لەگەڵ ناوەڕۆکی گۆڕەکەیدا، دەڕزا و لە بیری کەسوکاریشی، دەچوویەوە!

کەوا بوو، دەبێ دان، بەوەدا، بنێین، کە، نەمریی، ئاغا عینایەت، دەگەڕێتەوە، بۆ دوو شتی گرینگ و ئەوانیش، هونەرمەندیی بۆ ئەوەی کە توانیوبەتی، خۆی بخاتە، ڕیزی شاعیرانەوە و ئەوی دیکەشیان، لایەنی مێژوویی و لایەنی دیکەیە، کە لە شیعرەکانیدا، ڕەنگیان، داوەتەوە!

بەهەرحاڵ، ئاغا عینایەت، لە قەسیدەی (دڵەم نە جۆشەن)دا، زۆر لایەنمان، بۆ وێنە دەگرێ!

وێنەی، ئەو دەورەمان، بۆ دەگرێ، کە لە پێش حوکمی شاهانی پەهلەویدا، بووە؛ دەورەی قاجاری و هەڵسوکەوتیان و دەوری عەشایر و نەتەوەکانی ناوچەکانی ئێران و سەرۆک هۆزەکان و جۆری هەڵسوکەوتیان و جۆری لەشکرەکەشیی، هۆزێ، تیرەیێ بۆ سەر یەکێکی دیکە و، دەوری دەوڵەتی پچرپچڕ لەو کردەوانە.

ئاغا عینایەت، بەم جۆرە، باسی دەوری دەوڵەتەکەی ئەودەمە دەکات و دەڵێ:

(ئەحکامی ئەوان، پێچیا، وە هەم
مەجلیسی، میللی، نەجاش، بیی، مەحکەم
تا بیست و پەنج ساڵ دەورەی هەرج و مەرج
هەرکەس،هەرچێش بێ، تەمام،کەردش خەرج
جە، مودەی، مەساف، ئی چەندین ساڵە
هەر شارێ، پەی وێش، نەی فیکر و حاڵە



تا، شاران، بەوتەور، جە بەین، مەوەردەن
عەشایر تەمام، تورەقیی، کەردەن!)

پاش، ئەوەی، کە ئاغا عینایەت، وێنەی حوکمی پاشاگەردانی، عەشایرەکانی ئێرانی، ئەو سەردەمە، دەگرێ و لاوازیی، دەوڵەتمان، دەخاتە، بەرچاو، دێتە، سەر ئەوەی، کە کەی، پالەویەکان، دێنە، سەر حوکم و قاجارییەکان، لەناو دەبەن و بەو بۆنەیەوە، جگە لە ڕووداوەکان، مێژووی حوکمی نوێشمان دەخاتە بەردەست و دەڵێ:

(جە سەنەی هیجریی، ئەلف و شین و میم
پەهلەویی، نە تەخت قاجار، بیی موقیم
سەنەی قەمەریی، من، حەساو کەردم
ئیشتیباه نەبۆ، مەعلووم، جە مەردوم
هەزار و سێ سەد و چواری شەمسیی
تاج گوزاریی کەرد،نیشت وە رووی کورسیی!)

ئاغا عینایەت، وێنەی ئەوەمان، بەزیندوویی، بەدەستەوە، دەدات، کە چۆن، لە کاتێک و دەمێکدا، دەوڵەتی ئێران، توانیوبەتی، سەرپاکی سەرۆکەکانی هۆزە کوردەکان، بەخان و بەگ و بەئاغایەوە، بەدیل بگرێ و بەپێی و بەڕیزی چوار کەسیی، بەچەند ڕۆژێ بیانگەیەنێتە، کرماشان و ئەوجا، لەوێوە، بەهۆی ئۆتۆمبیلەوە، بۆ تاران و بۆ ئەسفەهان و بۆ شیرازیان بەرن! بەم بۆنەیەوە، ئاغا عینایەت، دەڵێ:

بیست و هەشت، نە بورج، یازدەی دە، ویەرد
ستارەی ئیقباڵ، ئێمە، غرووب، کەرد
ئەترافی مەنزڵ، ئیحاتە، کەردەن
ئەسامی ئێمە، یەکایەک، وەندەن
واتەن: حەسبەلئەمر، ئاغەی سوپاهپورد
دەس، نە پا، خەتا، بەکەردێ، بێ خود
تەوقیفەن نەی جا، چەند شەوانە و ڕۆ
تا، تەفتیش کەرمێ، قەڵای جوانرۆ!

...............

تا ئەگاتە ئەوەی، کە چۆن، چوار چوار، ڕیزیان دەکەن و هەر چواریان بەیەکەوە دەبەستن و بەپێ، دەیانخەنە، ڕێ، بەرەو کرماشان و بەم بۆنەیەوە، دەڵێ:

(هەر چوار نەفەر، وە هەم، مەوەستەن
دوو نەفەر، نیزام، نە مابەین، وەستەن
نە هەردوو تەرەف، دوو سەف دان، قەرار
پا وە پای، ئێمە، هەر سوب، تا ئێوار!)

کاتێ، کە بەو جۆرە، ئەو گیراوانە، دەخەنە ڕێ، خەڵکی جوانڕۆ، ژن و پیاوی پیر و کوڕ و کەنیشکەوە، دەکەونە، شین و زاریی و ئاغا عینایەت، ئەو دیمەنە، زۆر بەڕۆشنی، دەخاتە، ڕوو و دەڵێ:

(مەواتەن، سەردار، سام سەنگینم، ڕۆ
بابۆی فەرزەندان، نازەنینم، ڕۆ
هەریەکێ، ڕەئیسی، یەک مەحاڵم، ڕۆ
مەعقووڵ و مەقبووڵ، پەڕ کەماڵم، ڕۆ
یەکی، مەواتش؛ برای خاسم، ڕۆ
شارەزای دیوان، شاه شناسم، ڕۆ!)

لەو ڕێگە، ڕۆیشتنەدا، کە بەپێی ئەو بەندانە، کە بۆ کرماشان براون، چەند کەسێ، لە برسییەتی و لە نەخۆشیدا، مردوون و ئاغا عینایەتیش، ئەو هەواڵانەمان، بەجوانی، بەدەستەوە، دەدات و دەڵێ:

(جە موددەی دە ڕۆژ، چەند نەفەر مەردەن
هەر ئە کرماشان، نەعشش، سوپەردەن
یەکێ، نادرسان، هەورامانی، تەخت
دووەم، فەتحوڵڵا، ئیناخی بەدبەخت!)

ئاغا عینایەت، بەهۆی قەسیدەیەکیەوە، کە بەناوی (شەماڵ)ەوەیە و بەهۆی (شەماڵ)ەوە، گوایا، نامە، بۆ ماڵەوەیان، لە جوانڕۆدا، دەنێرێ، توانای ئەوەی هەیە، کە ناوی جوگرافیایی، جۆگەی ئاو، دەشت و تەپۆڵکە و شاخ و چەم و دۆڵەکان، بەتەواویی و بەشێوەیەکی، شارەزا، بەسەر بکاتەوە و وێنەی ڕازاوە و جوان جوانی، هەریەکێ لەوانە، بگرێ!

وشە و کەرەسەکانی، ناو ئەو پارچە هۆنراوەیە، کە ناوی (شەماڵ)ی هەڵگرتووە، کەرەسەی زمانە، وێنەی ڕەنگینن، جوگرافیان، مێژوون، ناوونیشانن، ژیانن و ئاوەدانی ژیان و ژینن! ئەگەرهاتوو، هەندێ لایەنی لاوازمان پشتگوێ خست، کە شێوەی زۆر



سەندنی ڕێکخستنیان، باشتر پێوە، دەردەکەوێ، تاوەکو ڕوواڵەتی هونەری هۆنەریی!

لە بەندیخانەدا، ئاغا عینایەت و محەمەد بەگی ڕۆستەمی بەهۆی نامەوە، نامە، لە چوارچێوەی هۆنراوەدا، بۆ یەکتریی، دەنێرن و لە نامەکەیاندا، بۆ یەکتریی، هەروەک، وەها، بەدەستەوەی، دەدەن، کە هەردووکیان دەمپاراو و قسە ڕەوان و دنیا دیدە بوون و پتریش لەوە، زۆریش ئیسلام بوون، ئەوە ئەگەر، لە دەرەوەی بەندیخانە و بەتایبەتی پێش زیندان بوونیاندا، وەها بووبن، کە خۆیان، لە هۆنراوەکانیاندا، داوایان کردووە ئەوە ڕەویەیەکی چاکە!

ئەم کورتە پێشەکییەی ئێمە، ئەگەرچی، زۆر سەرپێییە، بەڵام سوودێکی زۆری هەیە، بۆ ئەو کەسانەی، یاخود، ئەو خوێنەرانەی، کە بەوێنەیەکی سەرپێیی و دوور لە پشکنین و توێژ هەڵدانەوە و لێکۆڵینەوەوە، بەرهەم، دەخوێننەوە!

ئەوەشیی، کە دەیەوێ، ئاغا عینایەت، بەتەواویی و ڕاست و ڕەوانی بناسێ، پێویستی بەوە هەیە، کە هۆنراوەکانی، بەوردیی و بەچاوی، پشکێنەرەوە، بیانخوێنێتەوە و شان بەشانی ئەوانیش، خۆی ئاگاداریی ژیانی ئاغا عینایەت و فەرهەنگی کەرەستەوشەکانی ناو بەرهەمەکانی و جوگرافیا و هەڵسوکەوتی ناوچەکانی و خەڵکەکەی، لەوەدەمەدا، بکات!

بەهەرحاڵ، ببوورن، لەم کورتە پێشەکییە و من بەش بەحاڵی خۆم، بەکەمی نازانم و لە زۆر ڕوویشەوە، کورتی نەهێناوە! سوپاس

پاوە - خانەگا
م. هەورامانی
١٩٩٣/١/٢٠

هەندێکی، دیکە، وەهای بۆ چوون، کە ئەو هۆزە ئاریانە، لە نێوان دەریاچەی تۆراڵی ئەمـرۆ و ڕووباری دانووبدا، ژیاون و ئا لەوێوە، بەرەو ڕۆژئاوا و بەرەو هیندستان و ئەفغانستان و ئێرانی ئەمڕۆ و کوردستان، کۆچیان، لە ماوەیەکی درێژخایەندا، کردووە!

هەندێکی، دیکەش، لایان وایە، کە ئەو هۆزانە، لە ناوچەکانی سکاندناڤیاوە و هەر هەمان دەستوور، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، بۆ ناوچەکانی ئەوروپا و هیندستان و ئێران و کوردستان، کۆچیان کردبێ!

هەندێکی دیکەش، لەوانە، لایان، وایە، کە ئەو هۆزانە، بەدرێژایی، لە نێوان، هەزەبەی پامیرەوە، بەرەو دەوروبەری ڕووباری دانووب، بەو ناوچە جۆربەجۆرانەدا، نیشتەجێ بوون و بەهۆی ساردوسڕ بوون و یەخبەندانی ئەو ناوچانەوە، یان، بەهۆی هێرشی شەپۆڵی پێست زەردەکانەوە، زۆریان، بۆ هاتووە و بەرەو وڵات و ناوچانی گەرمتر و لواوتر، بۆ ژیانی خۆیان و مەڕومالاتیان، بەشێوە شەپۆڵی بەرودوا، کۆچیان کردووە!

کاتێ، کە بیر، لەو کۆچکردنە، دەکەینەوە و هەوڵی ئەوە، ئەدەین، کە شێوەی ئەو کۆچکردنە، بخەینە، بەرچاو، دەبێ، ئەم خالانە، ڕەچاو بکەین!

– یەکەم، ئەگەر ئەو هۆزانە، لە هەرچی جێگایەک بووبن و بەهۆی هەر هۆیەکیشەوە بووبێ، کە کۆچەکەیان، کردبێ، دەبێ سەرپاکیان، یەک شێوە زمانیان، نەبووبێ، یاخود، ئەگەریش، سەرپاکیان، یەک جۆرە زمانیان، بووبێ، بێگومان، دەبێ، هەر ناوچەیەک شێوەزارێکی تایبەتی خۆی هەبووبێ!

– دووەم، ئەو گەلە ئاریانە، دەبێ بریتی بووبن، لە هۆز و تیرەی جۆربەجۆر لەناودا، لە ئازایەتیدا، لە دەسەلاتدا، لە کەم و زۆریدا، لە شێوە و کاتی کۆچکردندا و هەر هۆزێک، یان چەند هۆزێکی خزم بەیەکتریی، لە کاتێک و دەمێکدا پێکەوە، بەرەو ناوچەیەک ڕوویان ناوە و لەسەر بڕیاریی دەمڕاستیان، لە ناوچەیەکی لواودا، نیشتەجێ بوون!

– سێیەم، هەر کۆچێ، لەو کۆچانە، ناوچەیەکیان، یان چەند ناوچەیەکیان، بۆ ژیانی خۆیان و مەڕومالاتیان، گرتووە و بۆ خۆیانیان، تەرخان کردووە و لەوانەشە، ئەو داگیرکردنە، بووبێ، بەهۆی دژایەتییەکی زۆری، نێوانیان و نێوان، ئەو نیشتەجێیە بنەڕەتیانەی، کە لە کۆنی کۆنەوە و پێشتر لەوانەوە، ئا لەو ناوچەیەدا، یان لەو ناوچانەدا، هەبووبن!

– چوارەم، هەریەکە، لەو کۆمەڵە، کۆچ کردووانە، بەلای کەمییەوە، لەو ناوچانەدا، کە



بووە، بەنیشتمانی نوێ یان میرایەتییەکیان، بۆ خۆیان، دامەزراندووە، کە لە ڕاستیدا، بنچینەی سازاندنی ناوی نوێی، هۆزە ئاریایەکانە، کە زۆربەی کات، دەبێتە، هۆی سەرلێشێوانی مێژوونووسان!

بەشێوەیەکی، ڕوونتر، لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا، هەروەک، لە ئاڤێستادا، باسیان دەکات و سەرگوزشتەیان، بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە، ئەم، ناوانەمان، بەرچاو، دەکەون:

– (خانەدان) کە بەناوی (کەڤەیتۆ = Kavaeto)وەیە.
– (مان = مانۆ = Mano).
– (تیرە = Vis)، کە بە(ڤیس) ناودەبرێ.
– (هۆز = Zanto)، کە بەناوی (زانتۆ)ەیە.
– (دێهاتی = Dahya)، کە بەناوی، دەهییەوەیە.

بەسەرکردەی، هەریەکێ، لەوانە، (پۆیتی = Poiti) وتراوە بۆ وێنە:

– نۆمان پەیتی = Numan Paiti
– ڤیس پەیتی = Vis Paiti
– زەنتۆ پەیتی = Zanto Paiti

ئەوجا، ئەم کۆمەڵانە، بەپێی پێویستی دەوروبەری خۆیان و ژیانی ڕۆژانەی نیشتمانی نوێیان، پێویستییان، بەیەکگرتن، بووە و، بۆیە، بۆ مەبەست و ئاوات و ئامانجی گشتی سەرپاکیان، ئەوانە یەکیان گرت و هەر کۆمەڵێ لەو یەکگرتووانە، سەرۆکی دینی خۆیان، هەیان بووە کە لە پێش، هاتنی زەردەشتدا، دینی جۆراوجۆر و خوالەی جۆراوجۆر هەبوون!

## ئاغا عینایەت:

### ژیانی ئاغا عینایەت:

ئاغا عینایەت ناوی عینایەتوڵڵا (عنایت الله)، کوڕی ئاغا (هیدایەت)ە کوڕی مەلا (نەشئەت)ی کوڕی (مەلا حسێن)ی پاوەییە. ناوی دایکی (خاتوون لاڵێ) کچی خوالێخۆشبوو محەمەد بەگ –ی هەرە پێشووی وەکێڵی جوانڕۆیە.

شایەنی باسە، ئەم محەمەد بەگە، هاوچەرخی میرزا ئۆلقادری پاوەیی بووە و لە یەکتربیدا و بەجیهانئاراخانیشدا، شیعریان وتووە و پیایدا، هەڵیان داوە.

ئاغا عینایەت، ناوبانگی، یاخود لەقەبی، کە لە لایەن (سالار الدولة)ەوە، بەسەرۆک هۆزان دراوە و یەکێکیش لەوانە ئەم بووە (صارم السلطان) بووە، (تأریخ مردوخ – ل – ٣٩١). لە ساڵی (١٢٦٠) هەزار و دوو سەد و شەستی هەتاوییدا، لە قەڵای جوانڕۆ، لە دایک بووە.

هەروەک خۆیشی، لە دێڕە شیعرێکیدا، وەهای وتووە، لە تەمەن لاوییدا، دایک و بابی کۆچی دواییان کردووە و ئەوجا، خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە، بەبەرپرسی ئەرکی ژیانی دنیا زانیوە و بۆیە، بێ پەروا، خۆی خستووەتە، ناو لافاو و شەپۆلی ڕەنجکێشانی دنیاوە!

ئەمەش ئەو دێڕە شیعرەیەتی:

(هێمای نەفامام، هەوای گەرم و سەرد
داخڵ وە فرقەی، بەدبەختانم کەرد
فرسەتش نەدام، بزانوون دەردان
جە ئەدا و بابۆ، مەحرووممش کەردان)

### خوێندەواریی:

ئاغا عینایەت، لە لای مامۆستایەکی دینی، بەناوی (مەلا عەلی موراد)ەوە بووە، خوێندوویەتی و بەڵام لەبەر ئەوەی، کە لە مامۆستاکەی ڕازیی نەبووە، ناتوانێ، زۆر لەسەر خوێندنەکەی، بەردەوام بێ!

بۆیە، لەم ڕووەوە، هەروەک خۆی دەڵێ، کوێرە سەوادێکی بەدەس هێناوە و بەڵام لەگەڵ ئەوەش، ئەو بەهەوڵ و کۆششی خۆی توانیویەتی کوێرە سەوادەکەی خۆی (پەرە) پێ بدات و پلەی خوێندەواریی خۆی و هی زانینی بەرز، بکاتەوە.



بەڵام عەزیزم تەقسیرمان نییەن
مەحەل، موحەقەر، تەنگ و وردییەن
مەدرەسەی علووم عەقڵ و فام و بەخت
یا سایەی دیوار، یا پەنای درەخت!
ئەو ڕۆ نیشانەی دەروە دەرمان بیی
مەلا عەلی موراد، تەعلیم دەرمان بیی
ئەو ئێمەش یاونا، وەی پایەی بڵند
(شیخ الازهر) بی، ئەو پیری دڵمەند)

وێنە و ناوەڕۆکی، ئەم چەند دێڕە شیعرەی ئاغا عینایەت، ئەوەمان، بەدەستەوە، دەدات، کە ئەودەمەی ئەوان، (مەلا) دەرسی وتووەتەوە و قوتابخانەکەشیان، بریتی بووە، لە سێبەر، یان پەنا دیوارێ، یان پەنای سێبەری درەختێ!

### ژن هێنان:

ئاغا عینایەت، خاتوون (عافیە)ی ئامۆزای خۆی، دەکاتە، هامسەری ژیانی خۆی و ئەوجا، لە قەڵای جوانڕۆوە، بۆ دێی (سەرۆ)ی خواروو دەگوێزێتەوە و ئەو دێی سەرۆ –ی خوارووێشە، کەوتووەتە، ناوچەی جوانڕۆوە. ئەو دێیەش بەموڵکییەت، لە باوکییەوە، بۆی ماوەتەوە و ئەمیش، وەک خاوەن موڵکێ لەوێ نیشتەجێ دەبێ!

شایانی باسە، ئاغا عینایەت، لەبەر ئەوەی، کە لە خاتوون عافیە، یەک لە دوای یەک کەنیشکی دەبێ، هەوڵ دەدات، بۆ ئەوەی ژنێ بهێنێ و بەڵکو ئەمە خوایە، خوا، کوڕی بداتێ و بۆ ئەمەش ژنێ دەهێنێ، کە بەناوی (خاتوو خانزاد)ە، کچی عەبدولکەریم بەگی وەکێلی جوانڕۆیە، کە خاڵۆزای خۆیەتی.

لەم ژنە، کوڕێک و دوو کچی دەبێ و سەیر ئەوەیشە، لەویش دوو کوڕ و پێنج کچی دەبێ!

ئەوەی، کە دەبێ، بوترێ، ئەوەیە، ئاغا عینایەت، ژنی تازەی (خاتوو خانزاد) دەباتە دێی (کەلێ) و خۆیشی لەگەڵیدا، لە دێی (کەلێ) مایەوە و تاوەکو، ئا لەوێدا، کۆچی دوایی کرد، بەڵام ژنەکەی دیکەی، هەر لە دێی (سەرۆ)ی خواروو، مابوویەوە و ئەمیش (ئاغا عینایەت)، بەپێی هەڵسوکەوت، یان باووبرەو، سەری ئەو ماڵەی دەدات و نەیدەهێشت، هەست، بەناڕەحەتی و دوورەپەرێزیی ئەم بکەن!

## بەندبوونی:

بەپێی ئەو سیاسەتەی، کە دەوڵەتی ڕەزا شای پالەویی، نەخشەی کێشا بوو و بەو نیازەی، کە سەرۆک هۆزی کوردان، لەناوبەرێ و شوێنەواریان، نەهێڵێ، هەروەک سەرپاکی سەرەک هۆزەکانی دیکە، ئاغا عینایەتیش، لەو لافاوی غەزەب و تووڕەیییەی بێ بەش نەبوو، ئەوە بوو، ساڵی (١٣١٠)ی هەتاوی مانگی (٢٨)ی ڕێبەندان، بەپێی پیلان و نەخشەی سپاهبورد ئەحمەد ئاغاخان، بەدەستی ڕەشی سەرهەنگ محەمەد عەلی سەقەفی، لە قەڵای جوانڕۆدا، لەگەڵ بەگزادەکانی جوانڕۆ و سەرۆک هۆزانی دیکەی وەڵەد بەگی باوەجان هی دیکەدا، بەدیلی گیران و بەرەو کرماشان بران و ئا لەوێشەوە، بۆ تاران بران و بەشی ئەمانیش بەندیخانەی ئەسفەهان بوو، کە تیایدا، بۆ ماوەی دە ساڵێک هێلڕانەوە.

ئەو ماوەی دە ساڵەی، کە لە زینداندا، بەناڕەحەتی و چەکەمەسەری و نەخۆشیی و مەینەت، بەسەری بردووە، کەس، بەقەدەر خۆی – (هەروەک لە ناو شیعرەکانیدا، بەجوانی ڕەنگی داوەتەوە) – ناتوانێ، وێنەی بگرێ و بەهەرحاڵیش، خوێنەر، خۆی، پاش ئەوەی، شیعرەکانی ناو زیندانی ئاغا عینایەت و هی محەمەد بەگی ڕۆستەمی دەخوێنێتەوە، ئەو کاتە، بەئاشکرایی و بەڕۆشنی، دەزانێ وێنەی ئەودەمەی ئەو بەندیخانەی ئەوان و هەڵسوکەوتی نێوانی بگرێ!

ساڵی (١٣٢٠)ی هەتاوی، لە مانگی ڕەزبەردا، پاش دە ساڵێ بەندی، لە بەندیخانەی ئەسفەهاندا، بەردرا و هاتەوە، دێی (کەڵێ) و ئا لەوێ، نیشتەجێ بوویەوە، تاوەکو کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (نوور وەسەر) نێژرا!

## ڕووالەتەکانی ئاغا عینایەت:

ئاغا عینایەت، زۆر پیاوێکی پیاوانە و سوارچاک و تفەنگچی و قسەخۆش و دڵپاک و میهرەبان و مێوانپەزێر بوو!

حەزی زۆری لە ڕاوکردن و لە نیشانە شکاندن، لە سواریی و هونەریی سواریی و زۆربەی کاتی، بەکێوەکاندا، دەگەڕا و ڕاووشکاری دەکرد و زۆریش (بەپا = بەقول = بەپێ) بوو لە ڕێگە بڕیندا، بەبێ! زۆر حەزی لە دوانی منداڵ دەکرد و منیش خۆیشم، یەکێ، لەوانە بووم، کە کچەزای بووم و هەمیشە هەوڵی دەدا، کە فێری خوێندەواریم بکات، بۆ ئەوەی، دیوانەکەی، کە لەو کاتەدا (تەمەنی من شەش حەوت ساڵێ بوو) و دەینووسییەوە،



لەناونەچێ و بیخەمە، بەردەست خوێندەواران و بۆیە منیش، بەم کارە، دەمەوێ، وتەکەی، ئەو، خواستەکەی باوام، بهێنمە دیی.

هەمیشە، ئاغا عینایەت، لایەنگری فەقیر و لێقەوماو و هەقق خوراو بوو و زۆربەی کاتیش، ماڵی هەتیوو و لێقەوماوی تیادا بووە و لەوێ، لە ماڵی ئەودا، بەخێو کراوە.

ئاغا عینایەت، لە زوڵم و زۆر و ملهوڕی و زۆربلێیی و ڕقی دەبوویەوە، بەتایبەتی، ڕقی لە دز و درۆزن دەبوویەوە و حەزی لە چارەیان نەدەکرد!

لە دێی (کەڵێ)، لەسەر ئەرکی خۆی مزگەوتێکی ڕێکوپێکی دروست کرد و ئەو مزگەوتەش، بریتی بوو، لە بەشی نوێژکردن و بەشی (توالێت) و بەشی جێی خۆ شوشتن، هەروەهاش، یاخود لە هەمان کاتدا، خۆی، بوو بەبانگدەری ئەو مزگەوتە و خۆیشی بەرنوێژیی، بۆ دەکردن و مەسرەف و خەرجی ئەو مزگەوتە، لەسەر خۆی بوو، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، بۆ ئافرەتان و ژنانی دێیەکە، حەوز و ئاو و سەرشۆرگەی جیاوازیی دروست کرد. حاڵی حازر ئەو مزگەوتە، هەر ماوە و کوڕەکەی مەلای بۆ هێنا بوو!

شایانی باسە، خۆی قورئانی دەخوێند و دەلائیلیش و بەردەوام بەدرێژی تەمەنی تاوەکو کۆچی دوایی، هەموو ڕۆژێ قورئانی دەخوێندنەوە و پاشی قورئان خوێندنەوەکەش دەلائیل.

ئاغا عینایەت، بەعرفان و تەسەوفی ڕاستەقینە، باوەڕی زۆری هەبوو! بۆیە، جارێکیان، بۆ زیارەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بۆ بەغدا چوو و ئەوجا، لە گەڕانەوەشدا، بۆ چەند ڕۆژێ، لە تەکیەی سۆڵەی قەرەداخ مایەوە!

ئاغا عینایەت، لە شیعرەکانیدا، وەک پەیامێ، داوای لەناوبردنی دەوڵەتی پالەویی دەکات وەهای لە قەڵەم دەدات، ئەگەر بێتو حکوومەتی پالەوی، لەناو نەچێ، میللەت خۆی لەناو دەچێ و بۆیە، بەماری خالاوی زەهراویی کوشندە، نیشانی دەدات. دۆستی هەرە نزیک و گیانی بەگیانی، ئاغا عینایەت، محەمەد بەگی ڕۆستەمی بووە و هەردووکیان کە پێکەوە، لەناو زیندانی ئەسفەهاندا بوون، بەنامەی شیعری، لە ناو زیندانەکەدا، بەحاڵ و ئەحواڵی یەکتریی ئاگادار بوون.

لە کۆتاییدا، دەبێ ئەوە بهێنینەوە، یاد کە ئاغا عینایەت، لە ڕۆژی پانزەی بەفرانباری ساڵی (١٣٣٥)ی هەتاویی، لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا، لە دێی کەڵێی جوانڕۆ، کۆچی دوایی کرد.

سەید باقری هاشمی

## هەڵبەستەکانی

دڵم نە جۆشەن.........

یاران هامسەران، دڵم نە جۆشەن
قوڵ مەدۆ وەهەم، بەس نە خرۆشەن
سفیدی تاڵەم، چون سیا پۆشەن
قەلب میحنەتبار، دایم بێ هۆشەن
چەن فیکر و خەیاڵ، زوخاو نەتۆشەن
کوورەی ئاهنگەر، جە لاش خامۆشەن
سەماوەر، جەو بۆن، هەر نەخرۆشەن
کەللەم بێ ڕەمەق، مدران، وە پاوە
ئینتیزاری مەرگ، بەیۆ جە لاوە
گۆش بەرگی نمناک ماتەمی پۆشان
دیدە، پەی بینش، هەر پا نەحاشان
مووی سیاه، مەیلش وەمن نەمەندەن
سفید نە مولکش، خۆ، بەزرش شەندەن
قرمزیی روخسار، خەزانش کەردەن
باد، بەرگی خەزان، هەرد ئەو هەرد بەردەن
پیریی و جوانیی ئەسڵحە پۆشان
کەمەندی پیریی، جوانی کێشان
وەی تەور گرفتار، دامی ئەو بییەن
تا، ئاخر نەفەس، خەلاسیش نییەن
دندان، خۆ ئەسڵەن، توخمش نەمەنەن
دەلاکی پیریی، نە ڕیشەش کەندەن
روخساری سافم، چرچ و ئاوێزان
نووری بەشەریی نە ئەو گورێزان
پیریی وە سوپای، شەڕ ئەنگێزەوە
سوارەن یەکیەک، وە شەودێزەوە



زەفەر وە لەشکەر، جوانی بەردەن
نە قەلعەی وجوود، مەحسوورش کەردەن
نمازۆ یۆشان، بکەران، هاوار
هەر ڕۆ، یەکێشان، مەکێشۆ وەدار
سێدارە نە پای، قەلعە نە کارەن
تێخێ جەلادیش، نە زەهری مارەن
دەسبەردار نییەن، تا نەفەس دارۆ
تا ئاخر لاشەش، وەخاک مەسپارۆ
دنیا، هەر وەی تەور، ئامان و شییەن
چەن هەزار هەزار، عەنایەت دییەن

فیکری جوانیی،......

کەوتەن، وە یادم فیکری جوانیی
بەدبەختیی بەختم، با خاس بزانی
رەنج مەشەقەت، نەی دنیای فانی
هێمای نەفامام، جە زیندەگانیی
نەویارام، یەک ڕۆ، وە کامەرانی
هێمای نەچەشتم، هەوای گەرم و سەرد
داخڵ، وە فرقەی، بەدبەختانم کەرد
فرسەتش نەدام، بزانوون دەردان
جە ئەدا و بابۆ، مەحروومش کەردان
جە ماڵ و ئەموال، خەیلێ فراوان
پەی من، وەجا، مەن، میراسی ئەوان
رۆزگار ناستش، بنیشوون، وەشاد
هەر ڕۆ، وە دەردێ، یەکسەر، شیی وەباد
شەرحش خاس نییەن، پەرێ ئەوگاران
مەبۆ، وە سەربار، پەی دەردداران

وەلحاسڵ، وەی تەور، ویارام چەن ساڵ
ڕۆ نە ڕۆ، بەتەر، نە فیکر و خەیاڵ
چەن ڕۆ نە مەکتەب، موعەلیم، وەندم
کۆرە، سەوادێ، وە دەست، ئاوەردم
تا ئاخر هەوای سواریی کەردم
چەن ڕۆ بوبارۆن، هەم چەنی مەردم
ئەسپ و زین، چەنی تفەنگ و قەتار
کارم، هەر ئێد بی، نە سوب تا ئێوار
چەنی ڕەفیقان، مەکەردم بازیی
گاهێ سواریی، گا تیرئەندازیی
ئەو ڕۆ، نەو زەمان، گەدا، تا دەروێش
تایفوڵلوک، هەرکەس پەرێ وێش
هەرکەس، لەشکەرێ، پەی وێش ڕازنا
دەستە و بەستەیێ، پەی وێش، سازنا
هەرکەس، پەی کەسێ، لەشکرێ کێشان
جە قەتڵ و غارەت، دەست نمەکێشان
تەمامی ئێران، ئینە کارش بیی
جە شاه، تا، گەدا، یە بازاڕش بیی
شاه چەنی میللەت، میللەت چەنی شاه
ئەو پەی ئیستیقلال، ئێد مەشرووتە خاه
چەن ساڵێ، وەی تەور، نە مابەین ویەرد
ئاخر، مەشرووتە، قاجار نە بەین، بەرد
ئەحکامی ئەوان، پێچیا، وە هەم
مەجلیسی میللی، نەجاش، بیی مەحکەم
تا بیست و پەنج ساڵ، دەورەی هەرج و مەرج
هەرکەس،هەرچیش بیی،تەمام کەردش خەرج
جە موددەی مەساف، ئی چەندین ساڵە
هەر شارێ، پەی وێش، ئەی فیکر و حاڵە



تا شاران یۆتەر، جە بەین مەوەردن
عەشایر، تەمام، تەرەقی کەردن
جە سەنەی هیجری ئەلف و شێن و میم
پەهلەویی نە تەخت قاجار، بیی موقیم
سەنەی قەمەریی، من حیساب کەردم
ئیشتیباه نەبۆ، مەعلووم جە مەردم
هەزار و سێ سەد، چواری شەمسیی
تاجگوزاریش کەرد، نیشت نە ڕووی کورسیی
مەتڵەب، با نەیجا، بمانۆ پەی وێش
بشێن، وە سەر وەخت، تایفانی پێش
هەرکەس، نەجای وێش، ئیستیقلالش بی
هەرکەس خاک و ئاو یەک مەحاڵش بیی
هەریەک تەرتیبێ، پەی وێش، دا قەرار
سوارە و نۆکەر، ئەساسەی شکار
هەریۆ، مەحاڵێ، پەرێ شکارش
هەر یاگێ وەش بی، پەرێ هەوارش
سیا چادران، نە سەوزیی و شەتاو
فیکری ئەو تەمام، دڵ کەردەن کەواو
بۆی نەسیمی سوبح جە ئەترافاتش
زوانم، لاڵەن، جە تەعریفاتش
عەتری گوڵاڵان، سەحرا و دەشت و دەر
هەریۆ، نە ڕەنگی، مەکەردش زیوەر
سەدای ژەرەژان، نە سەر کڵاوان
هەریەک وە تەرزێ، جەرگم شکاوان
چریکەی شاهینان، وە بانی ماوە
هاژەی عوقابان، وە ڕووی هەواوە
هەر وەخت مەکەردیم ئارەزووی شکار
نە شادیی و وە شیی، ئەو ڕۆ، تا ئێوار

هەرکەس ئەساسەی، وێش مەکەرد تەیار
هەرچی، لازم بیی مەگیریا، وە بار
بنەو ئابداریی، ڕاهی مەکەردین
شەو مەنزڵگامان، وەکۆ مەوەردین
مەپۆشان، نە وەر، بەرگی کۆ گەردیی
لاقەید بین، نە وەشت نە گەرمیی و سەردیی
چەند نەوجەوانان، شۆخی تیرئەنداز
پەی ئەوان جەرگم، مەگێران، وە گاز
بەگزادە و نۆکەر، ئەسڵەحە، مەوەرد
جەودما، وەکێڵ، حەرەکەت مەکەرد
ڕوو مەکەرد نە کۆ، هەریەک جە لایێ
هەریەک، وە ڕەنگێ، هەریەک سەدایێ
ئاهستە و کەم کەم، پارێز مەوەردین
ئاخر کەڵڕەمان، نەزەر ماوەردین
ئەوان بێ خۆف بین نە مەرگی وێشان
بێ خەبەر، جە حاڵ، ئێشی گیان کێشان
تفەنگی پەنج تیر، لوول چون سیامار
فیشەنگ چەشنی ڕەش، مەکریان، نەکار
سەدای، مار دەمان، نە هەر کلاوێ
شێلک مەکەردن، مەمدران، تاوێ
یۆ، مەوات، ئاما، یۆ وات، من کوشتم
یۆ وات: ئافەرین، بۆ دەست و مشتم
تەفرەقە مەوین، جەرگەی کەڵڕەمان
هەر یۆ، نە لایێ، مەکریا بێ گیان
ئەو نە خۆفی گیان، وە ڕووی کەمەردا
پەی ڕاگەی نەجات، نە هەر گوزەردا
تەقالا مەدا، بەر بشۆ وە بەر
تفەنگچی نەوجا، گرتەبێ گوزەر



سەدای تفەنگان، جە لارە کاوان
دەنگ مەدا، وەهەم، کاوان مەلاوان
دێم، ئاما کەڵێ، سەرسام بیم لێوە
کەم کەسێ دییەن، ئەو شکڵ و شێوە
شاخ و هەیکەلش، تەمام درشتەن
خاڵ سیاو سفید، خالّق وێش ڕەشتەن
شیم ئەو پارێزش، بێ خۆف و خەتەر
تا یاوا، بەوجا، گرتەبێم نەزەر
عەجەب، جە شادیی ئەو ڕۆ نەمەردم
ماردەم ئیشارەی ڕووی سینەش کەردم
جە سەدای تفەنگ، ڕۆ بیی چەواشە
کەفت نە ڕووی زەمین، ئەو شێوە و لاشە
تریقەی پەنج تیر، وە سافی ماوە
لوولە مەپێکا، وە ڕووی، هەواوە
کەلافە مەوەست وە ڕووی قەڵوەزدا
توولی قەڵوەزش، نە هەزار گەزدا
شیم ئەو سەرینش، زامدار و خەستە
من کە دیم، ئەو حاڵ، ئەو شێوە و جەستە
دیم کە مەناڵۆ بەو حاڵ و بەو دەرد
بەو زامی کاریی، هەناسانی سەرد
هووناو جارییەن، سەر تا، وە دامان
ئەوگارەن، جە دەرد، نە ئێشی زامان
هۆر کێشام خەنجەر، سەرەش، جیاکەم
ئاماوە جواو، چەنی من کەم کەم
واتش: بێ ئینساف، هەرزەی هەرزەکار
بێ خەبەر، جە دەرد، چەرخی رۆزگار
چەن ساڵەن، وەی تەور، ئینە کارتەن
نەی گشت ئازارە، چۆن قەرارتەن

کوشتاری ئێمه، وه خاس مەزانی
هەروەخت، که یاوای، وه پەشیمانی
باوەر وه نەزەر حاڵ و جەستەی من
ئی هوونی جاری، جەستەی خەستەی من
بێ ئەجر نییەن، جه لای خوداوەند
شا و، گەدا، چون هەم مەکێشۆ وه بەند
تۆ که، نەبادەی، جوانیی، مەستی
حەرفی من، جه لات، نەدارۆ هەستی
گۆش نەدام وه حەرف نەپەرسام، جه ئەو
سەر جیا کەردم، وه دەوانی دەو
هەرچی، وه من وات؛ بەو دڵەی پەڕ دەرد
واتەی ئەو وه من، ئەسەر نمەکەرد
نەزانام گەردوون، ئینه کارشەن
هەرکەس وه دەردێ، گرفتارشەن
ساڵ نه دوازده، شاخ وێنەی کۆماج
شاوه مولکش بی، وەکەس نەدێ، باج
چەندین سەیادان، دییه بێ وه چەم
چەند میر شکاران، پێچابێ، وه خەم
تا ئەو ڕۆ ئەجەڵ، نامەش پەی وانا
پەنجەی تەقدیرش، نه ڕووی ئەو شانا
قابیز رۆحش، وه من دا، قەرار
هەر ئێدەن کارش، چەرخی ڕۆزگار
هەرکەس وەکەسێ، گرفتار کەرۆ
ئینسان و وەحشی، مارۆ مەوەرۆ
لاشەش کەفتەبێ، به وێنەی گامێش
ئەمن، جه وەشیی، ئەو جه ئێشی وێش
کەس نییەن، ئەوحاڵ، جەو وەخت بزانۆ
ئەگەر بزانۆ، چەنی دەس شانۆ



ڕەفیقان، نەو وەخت، هەریەک جەلایێ
جەم بێن، نه لای من، جه سایەی مایێ
چەن بارێ هێزم جەماوەر کەردین
ئایرێ، نەوجا، عەمەڵ ئاوەردین
هەرکەس پەرێ وێش پوخت و پەز مەکەرد
کەباب و چایی، چەنی ئاوی سەرد
هەر ڕۆ، نەجایێ، هەر شەو نەکاوێ
هەر لەحزە بەزمێ، نه سەر، سەراوێ!
گاه تیرئەندازیی نەوەر مەغاران
گاه شۆنی، کەڵڕەم، نەسەر دیاران
گاهێ، وه تاپڕ، وه ڕووی هەواوە
گاه گاه وه پلچە، وه سەری ماوە
نه هەر شکارێ، هەر ڕۆ وه بەزمێ
هەر ڕۆ، وه عەیشێ، هەر ساتێ ڕەزمێ
چەند ساڵ و چەند ماه، وەی کاره ویەرد
لاقەید، جه هەناسانی سەرد
هیچ کەس نەپەرسێ، جه شاه تا دەروێش
هەرکەس شایێ بێ، نه مەحاڵ و وێش
من پەرێ، ئەو ڕۆ، جەرگم کەواوەن
قووت، قنیاتم، زۆخ و هووناوەن
ئەو ناز و نیعمەت، ئەو شایی و وەشیی
یەکسەر، وەیەک ڕۆ، جه دەسمان، بەرشیی
چون کەسێ نەبێ، قەدرش بزانۆ
عاقیبەت پاسەن، مەبۆ، نەمانۆ
هەرکەس کەوته بێ، وه تەمای کەسێ
فەرزەن جه بابۆ، خەبەر، نەپەرسێ!
کۆمەک، وه نەگبەت، یۆتەر مەکەردەن
هەرکەس، وه نەوعێ، نەبەین، مەوەردەن

جە کوشت و قەزا و مەردم ئازاریی
یەکسەر، گرفتار، وەی دەردی کاریی
ئەوەند، زەحمەتان، پەی وێشان تاشان
تا ، ئاخر، دەوڵەت، کەفت وە تەماشان
توخمی ئینقلاب، وست نە دلێشان
بەعزێ، وە حقووق، بەعزێ، ونیشان
یەکێ، وە خەلعەت، یۆتەر، وە وەعدە
یۆتەر، وە خەیاڵ، خدمەتش کەردە
تەمام ئەسڵەحەی، وێشان، جەم کەردەن
وە مەیلی وێشان وەمەرکەز، بەردەن
یەک جە قینی یەک، هەرکەس پەرێ وێش
جە زوڵمی یۆتەر، بێزابینی لێش
بە ئەو خەیاڵە، حەربە نەمانۆ
دەوڵەت، تەمامی حەقی ئەو سانۆ
موختەسەر، نەگبەت، وەی تەور نەڕا بەرد
هەرکەس، وە دەردێ، کەڕ و کۆرش کەرد
نە ئەو سەفحەی غەرب، غەیر جە هەورامان
باقی عەشایر، سەرتا ، وە دامان
پەرێ ئیتاعەت، دەوڵەت حازر بێن
هەر ئەمرێ، مەکەرد، وە سیدق و یەقین
نە ڕای ئەنجامش، گیان بازیی کەردەن
وەی تەور یەکایەک، جە مەیدان بەردەن
تەنها ، هەورامان، وەحاڵی وێش مەند
دەوڵەت، کە هەرچەند، دانە پەرێش شەند
حقووقی دەوڵەت، جە دوور مەوەردەن
نزیکی ئەسڵەن، کەس، نمەکەردەن
تا ، ئاخر دەوڵەت، ئەمر دا قشوون
بکێشان پیشان، وەبێ چەندوچوون



ئۆردووی دەوڵەتی چەند شەوان و ڕۆ
کێشیا پەرێ، قەلعەی جوانڕۆ
ئەو ڕۆ، نە قەلعە حەرەکەتش کەرد
بەگزادە، تەمام، چەنی وێشان بەرد
قەسەم و قورئان، پەیشان، مەوەردن
پەرێ ڕاهنما ، تەماس، مەکەردن
پێش قەرەوڵیان، وە کەورگ یاوا
هەورامی نەوجا ، کەردش وە داوا
سێ شەو و سێ ڕۆ، نەوجا ، جەنگ کەردەن
نە هەردوو تەرەف، تەڵەفات، وەردەن
قشوونی دەوڵەت، هەر ڕۆ وە تەرزێ
تەقالا مەدان، پەی یاگەی بەرزێ
موددەی یەک ماهێ، نە دەوری قشلاخ
نە تۆی بەرف و یەخ، وە دڵەی پەڕ داخ
خەیلێ ئیفتیزاح نەوجاگە، وەردەن
چەنی موددەعی نەبەرد، مەکەردەن
ڕاگەی پەس و پێش، پەرێشان نەمەند
نە دەوری وێشان، مەکەردەن کەمەند
تا ، ئەو ڕۆ دنیا ، چەرخش نەکارەن
پەی ئەو خزمەتە، جەرگم، خارخارەن
ئەهلییە و رەعیەت، مەنسووبی ئەوان
سابیقەن، زوڵمێ، چەنیشان، کریان
مەئیووس بێن، نەحاڵ، گوزەشتەی وێشان
پەی ئینقلابێ، هەر ئاخ مەکێشان
تا ، ئەو ڕۆ وەی تەور، پێش ئامەدش کەرد
هەرکەسێ، پەی وێش، ئەسڵحە ماوەرد
مەدان، نە تحوێڵ، ساحیب مەنسەبان
ئیتاعەکێش بێن، وە دیدە و وە گیان

قەولّ و ئیتمینان، پەی وێشان سەندەن
هەرکەس ئۆردوویێ پەرێش مەوەندەن
نە یەکجا حیلە، نەجا جا، فشار
ئەسلّحە، وەی تەور، تەمام کەردەن بار
ناگاه، جە تەقدیر، چەرخی چەپ کردار
دایم چەپگەردی، پەی وێش دان قەرار
هەر نە فرسەتەن، پەرێ بەدبەختان
کەچبازەن، چەنی گرۆی زام سەختان
ئی عومری کۆتاه، پەرێش دان قەرار
جە سالّ، تا وە ماه، نە سوب تا ئێوار
وە دیدەی تەحقیق، وە نەزەر باوەر
عەیش و نیشاتش، شەربەت و شەکەر
هەریەک دەردێوەن، یۆ، جە یۆ بەتەر
بێ وەفا و پووچەن، فایدە و زەرەر
نارەزایەتی، دنیای دوونپەروەر
نەی جا، بمانۆ، تا (یومَ المحشرْ)
بشین، وە سەر وەخت کاری هەورامان
ئەو شایی و وەشیی، سەرتا، وە دامان
یەکسەر بیی وەشین، کەفتنە دلێشان
پاشیان، وە هەم قەومان و خوێشان
هەریەک لە لایێ، بێ وە چارەسەر
کۆه و بیابان، سەحرا و دەشت و دەر
پەنا، وە خاکی خارج بەردشان
وە کاری ئەوان، کۆمەک کەردشان
نەی دەمدا، ئاغەی سپاهپورد یاوا
وارد وە نەوسوود، بێ جەنگ بێ داوا
دیش، کە ئەوزاعات، دلّ بەخواش نییەن
ئەوکەس مەرامەن، جە دەس بەر شییەن



خەیالێ هەنی، وە نەزەر ئاوەرد
ساحیب مەنسەبان، تەمام ئیحزار کەرد
نە قەسری شیرین، تا وە مەریوان
دەستوور دا پێشان، بە خەفیە و پەنهان
واتە بێ هەریۆ، نە مەحەلێ وێش
کومەیسوون، کەران، جە شێخ تا دەروێش
خان و خەوانین، مالکین، تەمام
موتەنەفیزین، نە خاس و نە عام
جەم کەران، نەوجا، سوئال کەن لێشان
ئیلتیزام بدان، پەی قەومی وێشان
ئەسلّحە، جە لای هەرکەس پەیدا بۆ
بە عەزابی سەخت گرفتار مەبۆ
زاهیر، وەی تەورە، دەستوور دا پێشان
باتن نەوعێ تەر، واستەبێ، لێشان
سەرهەنگ سەقەفی، محەمەد عەلی، بەدخۆ
ماموور کریابێ، پەرێ جوانرۆ
وەدام و دانە، وە حیلە و تەزویر
قورئانی ناهەق، مەردم بدان گیر
ماشتەی عەیاریی، نەوجا، وا کەردەن
جادوو ئەفسانە، گشت وەکار بەردەن
ئێمەیچ بێ خەیالّ، بێ خۆف، بێ تەقسیر
یەکایەک، جەم بین، سەغیر و کەبیر
ئیعلان کەردشان، هەر ڕۆ دوو ساعەت
حازر بان، نەی جا، پەرێ مەشوەرەت
تفەنگ و خەنجەر، هەرچی مەندە بێ
نە عەهدی قەدیم، هەرکەس سەندە بێ
لوولەی ڕەشۆکیی و دەهەند پەڕ تەمام
جەم کەردەن، یەکسەر، وا مەندەی ئەیام

دریا نە تەحویڵ، ئیتمینان سەندەن
دامی، بەدبەختی، پەی ئێمە تەندەن
بیست و هەشت نەبرج، یازدەی دە ویەرد
ستارەی ئیقباڵ، ئێمە، غرووب کەرد
ئەترافی مەنزڵ، ئێحاتە کەردەن
ئەسامی، ئێمە، یەکایەک وەندەن
واتن: (حسب الامر)، ئاغەی سپاپورد
دەست نە پا، خەتا، نەکەردێ، بێ خود
تەوقیفەن، نەی جا، چەند شەوانە و ڕۆ
تا، تەفتیش کەرمێ، قەڵای جوانڕۆ
وەلحاسڵ، ئەو ڕۆ، ئەو گرتە و بەستە
ئەو فشاری سەخت، ئەو حاڵ و جەستە
ئەو زەلیلی دەست، گرۆی بەدکارە
تا، دنیا دنیان، جەرگم خارخارە
چون وەبێ تەقسیر، وەی تەورە کەردەن
جە ویر نمەشۆ، تا وە ڕۆی مەردەن
شەرەفی چەند ساڵ، ئابڕوو و حورمەت
یەکسەر دان، وە باد، بێ دوون بێ جیهەت
قەڵەم نە شەرحش، تەمام عاجیزەن
جەو بۆنە وەهار عومرم، پایزەن
پەی کەسێ، غیرەت، بەشەریی دارۆ
هەر ساتێ مەرگێ، وەنەش مەویارۆ
نەک بە وێنەی من، بێ عار و بەدبەخت
وا مەندەی دەوران، جەفا و زوڵمی سەخت
پیشیای بۆتەی جەوری زەمانە
نارەزا جە دەس خوێش و بێگانە
شەرحی حاڵی وێم، نەی جا بمانۆ
دڵەی پەڕ زووخاو هەر قوڵ بشانۆ



چوارده ڕۆ، وەی تەور، نەو یاگە ویەرد
شەو و ڕۆ کەردیم، چەنی ئاهی سەرد
ناگاه، نەی دەم دا، سەردار ئەکرەم
رەئیس و نەجیب، خاس و موحتەرەم
چەندێ نە دەوران، دنیای ویەردە
نە ڕای ئیحتیرام، زیندەگی کەردە
ستەم دیدەی دەست، چەرخی چەپ وەردە
پەنای شەرافەت، سپاهپورد بەردە
وارد بی نەودەم، وە دەستی بەستە
ژاکیاو مەفلووک، مانیا و خەستە
سەفا و سەلامێ، نە مابەین ویەرد
سەرگوزەشتی وێش، تەمام بەیان کەرد
واتش: رەفیقان، یارانی دێرین
هەر جە مەریوان، تا قەسری شیرین
یەکسەر، وەی دەردە گرفتار بییەن
ئابڕوو و حورمەت، جە دەس بەر شییەن
کەس نمەزانۆ، پەی چێش وەی تەورەن
یا کاری بەشەر، هەر زوڵم و جەورەن
وەهەرحاڵ، ئەو شەو وە ڕۆ ئاوەردین
پەرێ مەینەتان، هەر ماین، نەمەردین
سەحەر، کە خورشید، بەر ئاما وە بەر
ئەو ڕۆ ڕۆیێ بی، بە وێنەی مەحشەر
چەند شەوانە و ڕۆ، مەوارا وە تاو
ئاسمان و زەمین، بیی وە دەریای ئاو
ئەمری حەرەکەت، نەو دەم دا، دریا
ئەساسەی قشوون، یەکسەر بار کریا
واتن: ئاغەیان، ئێوەیچ حازر بان
کەت بەستە و دەسنەنگ پەرێ کرماشان

نیزامی تەمام سەف ئارا کەردەن
نە بەینی ئەوان، ئێمەیچ ئاوەردەن
ئەهلییەی قەڵا، تەمامی یەکسەر
نمازان یەکێ، سەرکێشۆ، وەبەر
تا یاواین وە دەر خانەقا، کەم کەم
دین، کە مەحشەرەن، قوڵ مەدۆ وە هەم
هەر جە مەریوان، تاوە جوانڕۆ
کەت بەستە و بەدبەخت کریان ڕەنجەڕۆ
هەر چوار نەفەر، وەهەم مەوەستەن
دوو نەفەر نیزام، نە مابەین، وستەن
نە هەردوو تەرەف، دوو سەف دان قەرار
پاوەپای ئێمە، هەر سوب تا ئێوار
ئەو تۆفانی سەخت، ئەو دەشت و وارە
ئەو زوڵمی سەنگین، ئەو جەرگی پارە
ئەو بەحری قیرین، ئەو هەڕگ و لیتە
ئەو باری سەنگین، ئەو فەزیحەتە
ئەو زەلیلی دەست، گرۆی بێ ڕەحمە
ئەو ڕۆی بەرگەشتە، ئەو مژ و تەمە
ئەو جە یەک بڕیای بابە و فرزەندە
مەبغووزی نەزەر، لای خودا و بەندە
نە هەزار یەکێ تەعریفی ئەو ڕۆ
دەفتەر سیاه کەم، تەمام نمەبۆ
ناگاه، نەی دەم دا، بیی بە واوەیلا
وێنەی واقیعەی دەشتی کەربەلا
بڵند بی نە ئەوج، سەدای زاریی و شین
فەڵەک پەی ئێمە، مەرێزا ئەسرین
سەدای خانمان، وەناز پەروەردە
نە پەردەی عیسمەت، زیندەگی کەردە



وە بانگی بێ شەرم، وە سۆزی دەروون
ناڵەی زاریشان، یاوا وە گەردوون
یە چە ڕۆژی بێ، ئێمە دین وە چەم
نەدیەنش، وەی تەور ئەولادی ئادەم
مەواتن: سەردار سام سەنگینم ڕۆ
بابۆی فرزەندان، نازەنینم ڕۆ
هەریەکێ، رەئیس، یەک مەحاڵم ڕۆ
مەعقووڵ و مەقبووڵ، پەڕ کەماڵم ڕۆ
یەکێ مەواتش: برای خاسم ڕۆ
شارەزای دیوان، شا شناسم ڕۆ
بێ خۆف و خەتەر، وە دام کەفتەم ڕۆ
زامانی کاریی، ئێش نەسرەفتەم ڕۆ
شێرانی جەنگی رۆی نەبەردم ڕۆ
لاقەید، نە هەوای، گەرم و سەردم ڕۆ
بێ باک نە دوژمەن، رۆژی جەنگم ڕۆ
سوپای سەڵم و توور، هەم فەرەنگم ڕۆ
کوشندەی گیرۆی کەڵڕەمانم، ڕۆ
هۆسای تیرئەنداز مار دەمانم ڕۆ
سەیادی کۆ گەرد شۆخ کەمانم ڕۆ
ساحیب بەزم و رەزم هامدەمانم ڕۆ
پەرێ رۆی شکار، بێ قەرارم ڕۆ
دارای شەوق و زەوق، میر شکارم ڕۆ
دەنگ بڕیای نە سەر کلاوانم ڕۆ
شۆن بڕیای، نەپای شەتاوانم ڕۆ
نەچیرگای قەدیم، بێ ساحێوم ڕۆ
زەلیل و زگار، حاڵ پەشێوم ڕۆ
ئەساسەی شکار، میراس کەفتەم ڕۆ
ئاخ زامانی سەخت ناسۆر کەفتەم ڕۆ

زەمزەمەی نۆکەر، دیواخانم ڕۆ
بەرزە هەوارگەی، ئێلاخانم ڕۆ
شۆڕەسواران رۆی مەسافم ڕۆ
بێ خۆف و خەتەر، بێ گەزافم ڕۆ
ئەسڵەحەی تەیار گشت خاسانم ڕۆ
تەفرەقەی دەستی، ناکەسانم ڕۆ
ئەسپ و ماین و زین، وەجا مەندەم ڕۆ
نۆکەر و رایەت، پەراگەندەم ڕۆ
خانمان وەناز، بێ ناز کەفتەم ڕۆ
ئای دیدەی لێلاو ئێش نەسرەفتەم ڕۆ
بابۆی منالان، نازەنینم ڕۆ
وەناز پەروەردەی شۆخ جەمینم ڕۆ
قەرەچۆڵ بڕیای ڕیشەکەنم ڕۆ
بێ قەدر و حورمەت، هەزار پەنم ڕۆ
ئەسیرکێش کریای، کول شارانم ڕۆ
تەفرەقە و تەقسیم، زیندانانم ڕۆ
زەلیل و ژێردەس، بێ ویجدانم ڕۆ
دووچاری دەردان، بێ دەرمانم ڕۆ
نە گۆشەی زیندان، کەساس کەفتەم ڕۆ
بێ چارە و فەقیر، زبان بەستەم ڕۆ
بێ خەرجی و موحتاج، هەم عوریانم ڕۆ
سۆچیای زوڵمی سەخت دڵ بریانم ڕۆ
ناخۆش و زەعیف، گشت مەفلووکم ڕۆ
هەریەکێ، رەئیس یەک، بلووکم ڕۆ
ڕۆ پەی بەرگەشتەی رۆزگارم ڕۆ
بێ دەوا و عیلاج، ناهەنجارم ڕۆ
وەفدای یەسیران، بێ کەس مەندەت بام
بێ یار، بێ یاوەر، پەراگەندەت بام



فێدای سەیرانگای کۆسارانت بام
کۆچ و مەنزڵگای، وەهارانت بام
دمای زاری و شین، واوەیلا و مەحشەر
حەرەکەت، کریا، پەرێ، روانسەر
ئاسمان و زەمین، سەردا بیی وەهەم
ماچی پەی ئێمە، گرتەبین، ماتەم
ئەو ڕۆ، ڕۆیێ بیی، تاریک و زوڵمات
نەی پێش ئامەدە، عەقڵ مەبیی مات
هەرتا وە زانوو، نە تۆی هەڕگ و ئاو
هەم واران و وەفر، مەوارا، وە تاو
ئەو ڕۆ، تا ئێوار، وە چەند دەردیسەر
شەو مەنزڵگامان، بیی وە ڕوانسەر
ماڵ تەنگ و تاریک بێ ئاگر پەڕ دوود
ژێر، خاک لیباس تەڕ، هەوا نە بروود
هەر نەوع وەهەرحاڵ، شەو وە ڕۆ کەردین
ئاخ چەند بەدبەخت بین، چەنی نەمەردین
سوب سەحەر، وەی حاڵ، راهی بین جە نۆ
دامان نە ئاوی سەردی وشکەرۆ
وەی حاڵی پەشێو، هەڕگ و هەوای سەرد
بێ نان، بێ خۆراک، دەرد وەبانی دەرد
گرۆی بێ ویجدان، هەم نە چوار ئەتراف
مەشین، وە ڕاوە، مەداشان گەزاف
ئەو ڕۆ هەم وەی تەور، جە سوب تا ئێوار
نە قەڵعەی رەزا، مەنزڵ دان، قەرار
ئەو شەویچ نەوجا، زیندەگی کەردیم
نان و خۆراکێ، وەگیر ئاوەردیم
سەحەر دووبارە، حەرەکەت کەردەن
قەڵعەی یاوەریی، نەزەر ئاوەردەن

گوزەرگا، نە پای، قولەی وەیس مەویەرد
هەرچەند ئیلتیماس، ئیلتیفات نەکەرد
ئەڵبەتە، ئێمەش، مستەوجیب زانا
وەر نە، پەی تەقاس، نەردێ مەشانا
هانا، هەر وە تۆن، وەیسی یەمەن ماڵ
باز هەم هیممەتێ، نە دمای هەشت ساڵ
ئەو ڕۆ، تا ئێوار، وە دەوانی دەو
مەنزڵ وە مەنزڵ، تا مەنزڵگای شەو
پاپەتی و برسیی، ئەلعەتەش، پەی ئاو
سەدەمەی وەی تەور، کەس نەدیەن نەخاو
غرووب وارد بین، وە قەڵعەی یاوەر
جای کەسافەتێ گرتەن ئەو نەزەر
پەی ئێمە نەوجا، تەوێڵە و ئەنبار
تاریک و نووتەک، مەنزڵ دان قەرار
بە وێنەی حەیوان پەڕ بیی نەمەردم
سەرتاپا، مەملوء، نە سپێی گەندم
نە خەو نە خۆراک، پا زەخم و ناخوەش
مانیا و مردگ، نائومێد دڵڕەش
تەعریفی ئەو شەو بێ زیاد و کەم
حەشر و جەهەننەم، هەردوو دین وەچەم
وە هەر گیان کەنیشت شەو کەردین وە ڕۆ
خودا، سامەرگێ، مەنزڵ، ئەو کۆ بۆ
سەحەر هەم جە نۆ، بە وێنەی جاران
سەف ئارا کەردەن، نیزام سواران
مەحبووسین، نە تۆی تەوێڵە و ئەنبار
یەکیەک شمەردەن، کەردەشان قەتار
ڕوو نە کرمانشاه، حەرەکەت کریا
بنە و بارخانە، یەکسەر بار کریا



یاوان نە گۆشەی قفەی گڕاوەنگ
چەند ساعەت نەوجا، ئێمە کەردەن لەنگ
نە تۆی قفەدا، ئێمە و نیزامیی
تا چەهار ساعەت، ئەوسا تەمام بیی
ڕاهیی بین وە ڕا، نەو دەشتی بێ پەی
داخم، شەو مەنزڵ، کۆ بۆ، خودا کەی!
وەلحاسڵ، ئەو ڕۆ، جە گشت ڕو بەدتەر
مانیا و خەستە، مەنزڵ، هەم دوورتەر
قەڵعەی هۆمەرمل وە مەنزڵ کەردین
ئەو شەویچ نەوجا، زووخاوان وەردین
سەحەر پەرێ شار حەرەکەت کریا
وێنەی هەر دە جار، تەرتیبات دریا
ئیعلان کەردەبین، وە تەمامی شار
ئوناس و زکوور، سەغیر و کیبار
پەرێ تەماشا، نە کەناری شار
بەیان بونیان، ئەسیرانی زار
وەی تەور نمایش مەدان بەوێشان
ئەسڵەن، خەجاڵەت، هیچ نمەکێشان
میللەتێ وە مەیل ئیتاعە کێش بۆ
گرتە و بەستەی ئەو هونەرش چێش بۆ
وەیەک نمایش، واردمان کەردەن
چمان ئەسیری خارج، ئاوەردەن
گاراژێ نەوجا، تەهیە، کەردەن
مەنزڵگای ئێمە، بەو یاگە بەردەن
بە وێنەی حەیوان، گەلەو گۆسفەند
کەردەن، نە ئەوجا، وەسەد هەزار پەند
ئەو کەسە، خەتای خانەدان، کەرۆ
قاتڵی چەند کەس، وە دەس باوەرۆ

رەفتارش، بەو تەور نمەبۆ چەنیش
بە غەیر، جە ئەشخاس، نامەرد و بەدکێش
دە شەوانە و ڕۆ، نەو یاگە، ویەرد
بێ فەرش و پۆشاک، نە ڕووی خاک و گەرد
ڕاگەی زیندەگی، بەستەبێن، لێمان
یەکێ نانێ وشک، مەدریا، پێمان
دمای سەدەمە و زووخاو نە ئەوجا
دەسە وە دەسە، حەرەکەت دریا
جە مودەی دە ڕۆ، چەند نەفەر مەردەن
هەر نە کرمانشاھ، نەعشش، سوپەردەن
یەکێ نادرسان، هەورامانی تەخت
دووەم فەتحوڵڵا، ئیناخی بەدبەخت
سا وە هەر نەوعێ کەسافەت کاریی
حازر کەردشان، ماشینی باریی
پەنجا، شەست نەفەر، نە تۆی یەک ماشێن
مەئموور و حەبسی، چێن نە بانی چێن
وەچەند ئیفتیزاح حەرەکەت، کەردەن
ئیختیار نەبێ، هەرجا مەوەردەن
ڕاهی بێن وە ڕاھ، تا وە نیمەشەو
مەنزڵ وە مەنزڵ، وە دەوانی دەو
تا ئەسەد ئاباد، خەستە و نیمەگیان
تەوێڵە و کادان، مەنزڵ دان، پێمان
ئەو شەو وەهەرحاڵ، وە ڕۆ ئاوەردین
پەرێ بەدبەختی، هەر ماین، نەمەردین
سەحەر هەم جە نۆ حەرەکەت کەردەن
نە ڕای هەمەدان، گوزەر، مەکەردەن
وەختی نیمەڕۆ، نە کەناری شار
ئێستیگای ماشێن، نەوجا، دان قەرار



نیم ساعەت کەمتەر، مدران، نە ئەوجا
ئەمری حەرەکەت، دووبارە، دریا
مەنزڵگای ئەو شەو قەزوێن دان قەرار
مەدارا نەبێ، ئەو ڕۆ، تا ئێوار
ڕاگەی دووری بێ، ئەو ڕۆ تەی کریا
ئای چەند زووخاوان، وە مەردم دریا
نیمەشەو وارد، بەو یاگەی خەراو
مانیا و مردگ ئەلعەتەش پەی ئاو
چێش واچوون، چەنی وەنەمان شییەن
سەحرای کەربەلا، وەی تەورە نەبییەن
دوو شەوانە و ڕۆ، نە قەزوێن ویەرد
جا تەنگ و تاریک، هەوا تۆف و سەرد
بەعزێ ئیفتیزاح نەوجا دین وە چەم
نەدیەنش هیچ کەس، ئەولادی ئادەم
ساحیب مەنسەبان، یەک ئۆردێ وەندەن
یەکی سێ قەران، جە گردین سەندەن
واتشان، ئاشێ، لازمەن، پەیتان
ڕەفعی خەستەگی، ڕا، کەرۆ، لێتان
یەک ئاشی ماشێ، پەیمان بار کریا
وە هەر تەرتیبی، زەهری مار کریا
داخم هەر ئیدەن، نەی دنیای ستەم
هەرکەس هەر کارێ، نەوینۆ وە چەم
واتەی کەسێ تەر، ئەسەر نەدارۆ
نەی گۆش مەشنەوۆ، نەو گۆش مەویارۆ
بازە با هەر وێم بسۆزوو وە دەرد
تا ڕووی قیامەت، چەنی ئاهی سەرد
چون، وەبێ جیهەت، دووچار بییەنان
نە تۆی پۆسی وێم بریان، بییەنان

دووباره ماشین، هەم حازر کریا
ئەمری حەرەکەت، پەی مەرکەز دریا
دمای نیمەڕۆ، وارد بین وە شار
باخی شاهە مەنزڵ، ئێمە دان قەرار
تا یاوان بەوجا، هووراشان کێشا
یەعنی حازر بان، پەرێ تەماشا
چەند دەسە، سەرباز، بە خەت و زەنجیر
ساحیب مەنسەب و موزیک و شەستیر
پلەی سەختێ بێ، ئەو ڕۆ، نە ڕێمان
ئومێدی حەیات، نەمەن، پەرێمان
جە بەدبەختی بێ، ئەو هەم نەکریا
نەک، جە خۆشبەختی، تەسویب نەدریا
تەمامی حەبسی، کول تەحویل دریا
سەد نەفەر نە تۆی یەک ساڵۆن کریا
ئەفسەری شاهی، نەوجا، ئەمرش دا
کەتی بەستەمان، ئەوسا، وا، کریا
وەلحاسڵ دە ڕۆ، هەم نە باخی شاه
زیندەگی کەردین، وە سەد ناڵە و ئاه
جەودما یەک ڕۆ سەف ئارا کەردەن
مەحبووسین، تەمام بەو یاگە بەردەن
دەسە، وە دەسە، ئەسامی وەندەن
پەرێ، زیندانان، تەقسیم مەکەردەن
گاهێ وە دڵتەنگ، گاهی هەم دڵشاد
ئێمەشان هەم بەرد، و عیشرەت ئاباد
یەک شەوانە و ڕۆ، نەوجا، هەم ویەرد
وە چەند خەیاڵات هەزار ئاهی سەرد
پەرێ چل نەفەر ماشین ئاوەردەن
یەک نەشۆنییەک کول سوار کەردەن



وە هەر تەرتیبێ حەرەکەت کریا
شاری قوم مەنزڵ، شەو قەرار دریا
ڕاهی بین وە ڕاه، تا وە نیمەشەو
وارد بین بەوجاه، بێ خۆراک بێ خەو
دوو حەبسی تاریک یاگە دان پێمان
بە وێنەی حەیوان، ئەو شەو بی جێمان
سەحەر دە نەفەر بەردەن وە زیندان
باقی ڕاهی بین پەی شاری کاشان
نەو ڕۆ، تا وە عەسر، مەدارا نەبی
گیان نەجای سەختەن، چەنی بەر نەشیی!
ئەو شەو نەکاشان، وە ڕۆ ئاوەردین
سا وە هەر نەوعێ، زیندەگی کەردین
دە نەفەر نەوجا، باز هەم جیا بی
حەواڵەی زیندان، کاشان کریا بی
بیست نەفەر، ئێمە، پەرێ ئەسفەهان
حەرەکەت دریا، خەستە و نیمەگیان
ساعەتی دوازدەی نیمەشەو تەمام
ئێمە دان تەحوێڵ، مەدرەسەی نیزام
دوو حەبسی تاریک، بێ نان بێ خۆراک
جا تەنگ و نمناک، غەڵتان، نە ڕووی خاک
بێ خورد و بێ خاو، شەو وە ڕۆ کەردین
جە، حەد، ویەردە، زوخاوان، وەردین
ئەو ڕۆ، کە سێزدەی عیدش، مەوانان
ئێمە دان، تەحوێڵ حەبسی ئەسفەهان
**ئیتمینان (چ)**: ئەمیش، لە وشەی (إطمئنان)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای دڵنیایی و ئاسوودەیی و ئارامی و ڕەحەتی بیر و هۆش، هاتووە.

**ئیحاتە (چ) (ئاوەڵکردار)**: ئەمیش لە وشەی (إحاطة)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (دەورەدان، دەوروبەر گرتن، زۆر بۆ هێنان و ڕاپێچکردن) هاتووە.

**ئیحراز (چ) (ئاوەڵکردار)**: ئەمیش لە وشەی عارەبی (احراز)ەوە هاتووە و بەواتای سەرکەوتن و بەدەست هاوەردن –ە.

**ئیحزار (چ) (ئاوەڵکردار)**: ئەمیش وشەیەکی عارەبییە و لە وشەی عارەبی (إحضار)ەوە

هاتووه و، بەواتای (ئامادەکردن و بەسەرکردنەوە و بانگ کردن، بۆ کارێکی دادگا) هاتووه.

**ئیحیا (ج)**: ئەمیش، لە وشەی (إحیا)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای، زیندووکردنەوە و ئاوەدان کردنەوە، دێ.

**ئیختیار (ن)**: ئەم وشەیە، لە (اختیار)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (هەڵبژاردن و دیاریکردن و هۆرچنیەی) هاتووە.

**ئیختیلاف (ن)**: ئەمیش لە (اختلاف)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (دژژایەتی و مرڕایەتی و یەکنەکەوتن و هاوڕەنگ نەبوون و بەگژ یەکتریدا چوون) ئەدات.

**ئیدیعاء (ن)**: لە (ادعاء)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای (وا لە قەڵەم دان وەها سەرژمێر کردن، وەها بەنیاز بوون، وەها بیرکردنەوە) هاتووە.

**ئیراد (ن)**: ئەم وشەیە، لە (وارد)ی عارەبییەوە هاتووە و لە کوردیی کوردانی ئێراندا، بەواتای (بیانوو، بەهانوو، ڕازی نەبوون، ڕەخنە) دێ.

**ئیرشاد (ن)**: لە (ارشاد)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (ڕاهنمایی، ڕێنموویی، ڕێ نیشان دان، خستنە سەر ڕێی ڕاست) دێ.

**ئیزافە (ئیزافات)**: ئیزافە، لە (اضافە)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (خستنە سەر، بۆ زیادکردن،...) هاتووە.

**ئیزهار (ن)**: وشەی ئیزهار لە (إظهار)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای (دەرخستن و خستنە بەرچاو ڕۆشنکردنەوە) هاتووە.

**ئیستگا (ن)**: ئەم وشەیە، بەواتای (جێگای وەستان، وێستگە، جێگای بڵاوکردنەوە، یاخود هەر جێگایەکی تایبەتی بۆ وەستانی جەماوەریی، کاروباری دیکە) هاتووە.

**ئیستیدعاء (ن)**: ئەمیش، لە (استدعا)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (بانگ کردن و داوا لێکردن، خواهیش لێکردن) لێ دێ.

**ئیستیغاسە (ن)**: ئەمیش، لە وشەی (استغاثة)ی عارەبییەوە، هاتووە و زۆرتریش، بەواتای، (بەهاوارەوە چوون، فەریادڕەسی و داوای کۆمەک کردن) هاتووە.



**ئیستیغفار (ن)**: لە وشەی (استغفار)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (داوای لێبووردن، داوای لێ خۆشبوون، پاشگەزبوونەوە و تۆبەکردن) دێ.

**ئیستیفراق (ن)**: ئەمیش، لە وشەی (استفراغ)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (ڕشانەوە، خاڵیکردنی دەروون، ئاسوودەکردنی دەروون) دێ.

**ئیستیقلال (ن)**: لە وشەی (استقلال)ی عارەبییەوەیە و بەواتای سەربەخۆیی و ئازادیی دەدات.

**ئیسخان (ن)**: بەواتای، (ئیسقان) دێ.

**ئیسراحەت (ن)**: ئەمیش، لە وشەی (استراحة، راحة)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای، پشوو، ڕەحەتی، ئاسوودەگی، بەکار دەهێنرێ و زۆرتریش بۆ ڕەوینەوەی، ماندووبوونە.

**ئێش (ن)**: وشەی، ئێش، بەواتای، (ئازار، ناڕەحەتی، نەسرەویی) هاتووە. بەم بۆنەیەوە، مەولەوی دەڵێ:

(هامەردان ئێشێ، هامەردان ئێشێ
پێمەوەن، ئێشێ، چە تەرزە ئێشێ
ئێشێ پێچ چون ئێش، وە ماران ڕێشێ
ئێشێ، پەڕ نێشێ، ریشەی گیانکێشێ!)

**ئیشارە (ن)**: ئەمیش، بەواتای (ئاماژە)ی کوردیی هاتووە و لە بنەڕەتدا، لە (اشارة)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە.

شایانی باسە، لە بنەڕەتدا، ئاماژە، نیشاندانێکە، یاخود دیاریکردنە، بەهۆی دەستەوە، چاوەوە، یان هەر شتێکەوە، حاڵی حازریش، ئیشارە، چووەتە چوارچێوەی وتن و نووسین و جۆرە هۆی دیکەی قسەکردنەوە.

بەم بۆنەیەوە، مەولەوی، یەژێ:

ئیشارە وەناز، لەب خەندەی وەنەرم
نمانای خاڵان نە تۆی پەردەی شەرم

**ئێشان (ن)**: ئێشان، لە (ئێش)ەوەیە و بەواتای (ئێشای) هاتووە و هەردووکیان چاوگی ئاوەڵناوین و بۆت هەیە، تەماشای وشەی (ئێش) بکەیتەوە.

**ئیشتیباه (ئن)**: لە وشەی (اشتباە)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای، (نەزانین و هەڵەکردن) هاتووە.

**ئیعلام (ن)**: ئەمیش، لە وشەی(اعلام)ی عارەبییەوەیە و بەواتای، (پێ زانین، ئاگادارکردن، هەواڵ پێ دان، پێ ڕاگەیاندن) هاتووە.

**ئیعلان (ن)**: ئەمیش، لە وشەی (اعلان)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەهەمان واتای (ئیعلام) بەکارهێنراوە.

هەروەها، بەواتای (ڕوونکردنەوە)ش هاتووە.

**ئیفتار (ن)**: لە وشەی (افطار)ی عارەبییەوەیە و، بەواتای (بەربانگ کردنەوە، ڕۆژوو شکاندن، بەهۆی خواردنی خۆراکەوە، یا هەرچی شتێ کە ڕۆژوو، بشکێنێ) هاتووە.

**ئیفتیخار (ن)**: ئەمیش، لە وشەی (افتخار)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (خۆ بەزل زانین، خۆ بەگەورە زانین، فەخرکردن) دێ.

**ئیفتیزاح (ن)**: ئەمیش لە وشەی عارەبی (افتضاح)ەوە، هاتووە و بەواتای (ڕیسواکردن و ئابڕوو بردن و ئەتک کردن) دێ.

**ئیقباڵ (ن)**: ئیقباڵیش، لە وشەی (اقبال)ی عارەبییەوە، هاتووە و واتای، (شانس و بۆ هاوردن) دەدات.

**ئیفلاس (ن)**: ئەمیش، لە وشەی (افلاس)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای، (هەڵشکیان و نەداریی و بێدەسیی و هەژاریی) هاتووە.

**ئێل (ئێڵ) (ن)**: وشەی (ئێل)، یاخود (ئێڵ) لە ناو جافەکان (کوردە کۆچەرەکان)دا بەکار دەهێنرێ و زۆرتر، بەچەند کەسێ، یان چەند خێزانێ دەوترێ، کە خزمی یەکن و لە یەک هۆزن و هۆزێکیان پێکهێناوە.

لە بارەی بنەڕەتی وشەی (ئێڵ)ەوە، وەها لە قەڵەم دەدرێ، کە وشەیەکی تورکی مەغۆلی بێ و بەواتای دۆستان و خزمان و خوێشان، هاتووە.

بۆ وێنە، وەلی دێوانە دەڵێ:

وەرنە گشت ئێلێ، ئێلی مورادیی
بەیان، وەدامان، وە زەوق و شادیی)



**ئێلاخ (ن)**: ئێلاخ، بەو کوێستانانە دەوترێ، کە جێگا هەواری هاوینانەی ئەو خێڵە جافە گەرمیان و کوێستانکەرانە (ئەوانە کە بەدوای مەڕوماڵات بەخێوکردنەوەن)یان تێدایە، کە ژیانیان لەسەر بەرهەم و بەروبوومی مەڕوماڵات بەخێوکردنە.

شایانی باسە، ئێلاخ، کۆ دەکرێتەوە و دەبێتە (ئێلاخان).

**ئیلتجا (ن)**: ئەمیش، لە وشەی (التجأ)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و بەواتای، (پەنابردنە بەر، خۆ خستنە لا، خۆ خستنە ماڵ، هانابردنە بەر) هاتووە.

**ئیلتیزام (ن)**: ئەمیش، لە وشەی (التزام)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (دەست پێوەگرتن و هامڕایی کردن و بەئەستۆ گرتن) هاتووە.

**ئیلتیفات (ن)**: ئەمیش، لە (التفات)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (ئاوڕدانەوە، تەماشاکردن، بەزەیی پیادا هاتنەوە) هاتووە.

**ئیلتیماس (ن)**: ئەمیش، لە وشەی (التماس)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای (لێ پاڕانەوە، لێ لالانەوە، خواهیش لێ کردن) هاتووە!

**ئیمامی (ن)**: ئیمامی ناوی هۆزێکی کوردە، کە لە ناوچەی (ئیمامی) سەر بەناوچەی جوانڕۆدا، دەژین و سەر بەهۆزەکانی جافن.

**ئیناخی (ن)**: ناوی هۆزێکی جافە، کە لە ناوچەی ئیناخی، سەر بەناوچەی جوانڕۆ، دەژین.

**ئینتیزار (ن)**: ئەمیش، لە (انتظار)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (چاوەڕێ کردن، بەدیارەوە نیشتن، سەبرلەسەرکردن، پێ بەپێ کردن، جڵەو بۆ شل کردن، بەرگە بۆ گرتن) دێ.

**ئینتیقام (ن)**: ئەمیش، لە وشەی (انتقام)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و بەواتای (تۆڵە سەندن، حەقق سەندن، یاخود تۆڵە لێ کردنەوە، حەقق لێ سەندنەوە، هەقق لێ کردنەوە) دێ.

**ئینساف (ن)**: ئەم وشەیەش، لە (انصاف)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای، (ڕاستڕەوی و ڕاستگۆیی و بێ لایەنی و دادەوانی) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– فلانە کەس، لە بەش کردنەکەیدا، زۆر بەئینساف بوو!

**ئینقیلاب (ن)**: ئەم وشەیە، لە (انقلاب)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای، (هەڵگەڕانەوە، ئەمدیو ئەودیو کردن) هاتووە، هەروەها لە لایەن ئێرانییەکانەوە، بەتایبەتی فارسەکان، بەواتای (شۆڕش) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

- ئینقلابی ئێران، ئینقلابێکی ئیسلامی بوو!

**ئینە و ئێد (راناو ئاماژە)**: هەردووکیان، لە زۆر ڕووەوە، هاوواتان، واتە (ئینە) بەواتای (ئەمە) و (ئێد)یش، بەواتای (ئەم) هاتووە.

**ئێوار، ئێوارە (ن)**: وشەیەکی پەتییە، لە زمانی کوردییدا و بەواتای کۆتایی ڕۆژ و دەست پێ کردنی شەو هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- دوێنێ ئێوارە، سەرم لە برادەرێکی خۆشەویست دا.

**باتین (ن)**: باتین، لە وشەی عارەبی (باطن)ەوە، وەرگیراوە و لە کوردیشدا، هەر بەهەمان واتا، بەکار دەهێنرێ و بەواتای (دەروون، ناخ و پەنهانی) هاتووە و هەندێ جاریش، بەشێوەیەکی هەڵە، بۆ واتای (دڵ) بەکار دێ و وەک ناوێ، لە ناوەکانی خودایش، لە هەندێ جێگادا، بەکار دەهێنرێ!

**باج (ن)**: (باژ)، یاخود (باج) وشەیەکی کوردیی کۆنە و، بەکارهاتنی دەگەڕێتەوە، بۆ دەمی ئارییاییەکان و لە دەمی مادەکاندا، وەک (سەرانە) لە گەورەی ئەو ناوچانە سەندراوە، کە تازەگی کەوتووەتە ژێردەستیانەوە و پاشان، لە دەمی دواتردا، بووە بە(باج) و تا ئەمڕۆیش، وەک سەرانە، یان شاخانە، یان ڕێپەوانە، یان گومرگانە، دەسێنرێ و هەر بەهەمان ڕووالەت و ئاوازیشەوە، بەکار دێ.

بەم جۆرە دەخرێتە ڕستەوە و بەکار دەهێنرێ:

- کەس ناوێرێ، کاسپی بکات، چونکە قازانجەکەی باجگیران دەیبەن!
- لە هەر ناوچەیەکدا و جۆرە باجێ هەیە!

**باخی سەیدیخان (ن)**: باخ و سەراوێکە کەوتووەتە، خۆرئاوای (ئەزگڵە)ەوە، لە داوێنی شاخی (بەمۆ)دا، سەر بەناوچەی جوانڕۆیە.

**باخی شا (ن)**: یەکێکە لەو باخانەی، کە لە نزیک تارانەوە، کاتی خۆی دروست کراوە و حاڵی حازر، کەوتووەتە، ناو چەقی تارانەوە.



شایانی باسە، کە لە دەمی قاجارییەکاندا، کۆشکی حەسانەوەی هاوینانی شایانی قاجاریی بووە و حاڵی حازریش، پادگان (مُعَسْکَرْ)ی نیزامییە.

**باد (ن)**: باد، وشەیەکی کوردیی کۆنە و واتای (وا، هەوا) دەدات و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- زۆر ڕەنجی لەگەڵ، کوڕەکەیدا، کێشا، بەڵام (ڕەنجی) بەبادا، چوو!

**بادە (ن)**: وشەیەکی کۆنی کوردییە و لە بنەڕەتەوە، (باتە)، یان (باتەک) بووە و بەو خواردنەوە، وتراوە، کە تەسکینی بەدڵ بدا و مەستی بۆ تەن بهێنێ و ئالوودەیی و کپی بۆ بیر و هۆش، بهێنێ!

بەم، بۆنەیەوە، هێمن دەڵێ:

(ساقیا، وا، بادەوە، وا، بادەوە
ڕوو لە لای من کە، بەجامی بادەوە
موشتەریی وەک من، لە مەیخانێ کەمن
زوربەیان شاد و بەکەیف و بێ خەمن)

**بازە (ف - ک)**: خۆی لە خۆیدا، ڕستەیەکی فەرمانییە و بریتییە، لە (فرمانی فەرمان) و لە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک و واتای (بهێڵە، بێڵە) دەدات و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- بازە، با، هەرمانەکێش، بکەرۆ!

واتە: بهێڵە، با کارەکەی بکات!

**بازیی (ن)**: (بازیی)، یاخود (وازیی)، یاخود (یاریی)، یاخود (گەمە) یەک واتایان هەیە و جۆرە کردەوەیەکە، بەمەبەستی، خۆش بەسەربردن و گاڵتەوگەپ، لەگەڵ دۆستدا، لەگەڵ خۆشەویستدا، دەکرێ!

بۆ وێنە، دەوترێ:

- با ئەمشەو بەگۆڕەوەبازیی، بەسەربەرین.

**باعیس (ن. کارا)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (باعث)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و لە کوردییدا، بەواتای، (هۆ، سەبەب، هاندەر، ژیانەر، زیندووکەر) هاتووە و بەم جۆرە، لە ڕستەدا، بەکار دێ:

– باعیسی سەرکەوتنی کاوە، کامەران بوو!
– خوای گەورە، باعیسی، ژیانی زیندەوەرانە.

**باقی (ن . کا)**: (باقی) لە وشەی عارەبی (باق)یەوە، وەرگیراوە و بەواتای، (نەمر و زیندوو و جاویدان و مەزن) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– جگە لە خوا، کەس باقی نییە!
لە لایەکی دیکەشەوە، بەواتای (ماوە، پاشماوە) هاتووە و بۆ وێنە دەوترێ:
– تکات لێ ئەکەم، کە باقی پارەکەم، پێ، بدەیتەوە.

**باڵ (ن)**: باڵ، بە(باڵی) پەلەوەر دەوترێ، کە بەهۆیانەوە دەفڕێ و هەر بەو بۆنەشەوە، بەهەردوو پەلی پێشەوە، یان سەرەوەی مەردم، لە بنی قۆڵەوە، تاوەکو نووکی پەنجەکانی دەست، (باڵ) دەوترێ و جۆرە هەڵپەڕکەیەکی باڵ فش کردنەوەش هەیە، هەر لەوەوە، (واتە؛ لە جۆری جموجوولی باڵی باڵندە، لە کاتی فڕیندا) وەرگیراوە و بەهەرحاڵ، بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ڕێگاکە، زۆر ناهەموارە، باڵدار ناتوانێ لێی بدات!
– ئەو، ئەوەندە پەل و باڵی کوتاوە، وا لە ماڵەوە، وەک مردوو ئاگای لە دنیا، نییە!
بەم، بۆنەیەوە، هێمن، دەڵێ:

(پەڕ وەریوی، باڵشکاوی دەنگ بڕاو
بێ بژێوی، بەش خوراوی دەرکراو)

**باڵاخانە (ن)**: ناوێکی لێکدراوە، یاخود ناساکارە و بەو ژوورانەش، یاخود بەو بەشە خانووە دەوترێ کە لە نهۆمی دووەمدا، یان هی سێیەمدا، دروست کرابێ و تارمەی هەبێ و بڕوانێ، بەسەر، ڕێگاوبانی ئامۆشۆکەراندا. واتە، خانوویەک، کە کەوتبێتە، بەشی هەر باڵای خانووەکەوە.

**باڵەخانی (ن)**: ناوی جێگە و هەوارگەیەکە، کەوتووەتە نێوان دێی (زلان)ی (دوێ تووێ)وە، لە ناوچەی باوەجانی، سەر بەجوانڕۆ، جێگای و هەوارگەی دانیشتنی هۆزی (ئیقباڵ)ە.

**بان زەڕنە (ن)**: ناوی هەوارگەیە، لە چوار کیلۆمەتری ڕوانسەردایە و بەملەی (گەشن) ناودەبرێ.



**بانەدارە (ن)**: ناوی دێیەکە، لە (سەلاس و باوەجانی) سەر سنووری باوەجانی قووایی و نێوان سنووری عراق و ئێران.

**بانی تووان (ن)**: دەشتێکە، کە لە دێی (سەڕۆ)ی خوارەوە، بەرەو دێی ئایشەدۆڵ، درێژ دەبێتەوە و دەکەوێتە داوێنی شاخی ملەپاڵنگانەوە.

**باوای خدر (ن)**: ناوی خێڵێکە لە هۆزی (قووایی)، کە لە دێی (بانەدارە)دا، دادەنیشن.

**باوەجانی (ن)**: ناوی هۆزی گەورەی جافە، کە زوربەیان، سەر بەجوانڕۆن و بڕێکیشیان، دانیشتووی شاری (کرند)ن. ناوچەکەیان، زۆر بەربەڵاوە و هەر بەناوچەی باوەجانی ناسراوە.

**باوەڕ (ن)**: باوەڕ، وشەیەکی کوردییە و بەواتای؛ (وەرگرتنی وتە، گفتوگۆ، ئامۆژگاریی) دێ و لە لایەکی دیکەشەوە، جۆرە تەسلیم بوونێکی بیرییە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ئیسلامی پاک ئەوەیە، کە باوەڕێکی بتەوی بەپێغەمەر هەبێ!
– من چۆن، باوەڕ، بەکابرایەکی شێتۆکە دەکەم!

**باوەقوش (ن)**: بایەقوش (باوەقوش)، باڵندەیەکە، کە لە ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانیدا، (کونەبەبوو) یاخود (بوو)ی پێ دەوترێ و بەباڵندەیەکی شووم و ناحەز و ناخۆشی هێنەر، دەزانرێ و هۆیەکەشی ئەوەیە، کە لە کەلاوە کۆنەکاندا، کەلاوە ڕووخاو و وێرانکراوەکاندا، دەژیی و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ماڵەکەیان، ڕووخاوە و باوەقوش تیایدا، دەخوێنێ!

**باوەیسێ (ن)**: چەند دێیەکن، لە گەرمەسێری کوردستانی ئێراندا، کە جێگای دانیشتنی ئێلی وەڵەدبەگی بووە و سەر بەناوچەی سەرپێڵی زەهاوە.

**باینگان (ن)**: ناوی دێیەکی گەورەیە، سەر بەناوچەی جوانڕۆیە.

**بەتەر (ئن)**: بەتەر، ئاوەڵناوی بەراوردە، لە بنەڕەتدا، لە وشەی (بەدتەر)ەوە هاتووە و بەواتاد (خرابتەر) هاتووە. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ئەم کارەی، بەدتەر (بەتەر)ە، لەوەی پێشووی.

**بەحر (ن)**: وشەی بەحر، لە (بحر)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و لە کوردیی ئەمڕۆدا، وشەی

(دەریا)، یان (زەریا)ی بۆ بەکار دێ. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو مامەڵەی ماسی لە بەحردا، دەکات!

**بەخت (ن)**: بەخت، بەواتای (شانس) و (خواست) و (چارە)، هاتووە و لەوە دەکات، کە کوردییەکی زۆر کۆن بێ، بەڵام من دڵنیا نیم لەوەی، کە (بخت)ی عارەبی و ئەم (بەختی) کوردییە یەک نەبن!

لە ڕاستیدا، لە ڕووی ڕەسەنی ئاوازی وشەکەوە و واتای و دەنگەکانیەوە، دوورە، لەوەوە، کە لە بەختی عارەبییەوە، وەرگیرا بێ و خەریکیشە ئەوە بڵێین کە (بخت)ی عارەبی، دەبێ لە (بەخت)ی کوردییەوە بێ!

**بەختیاریی (ن)**: بەختیاریی، لە وشەی (بەختیار)ەوە، هاتووە و (بەختیار)یش بەواتای (کامەران) هاتووە، کە لە چوارچێوەی ئاوەڵناو و ناودا، کار دەکات و هەڵدەسووڕێ و بەم جۆرە واتایەش و بەم جۆرە ئاوازەشەوە، وشەیەکی کۆنی کوردییە، یاخود ئاڤێستاییییە و وشەی بەختیاریی، ناوە، چونکە بەهۆی (ی)ی نیسبەتەوە (بەختیار) کراوە بەناو کە (بەختیاریی)یە.

لە لایەکی دیکەوە، بەختیاریی، ناوی ئێلێکی بەناوبانگی کوردە و، کە لە ئێراندا، بەفارسیان لە قەڵەم دەدەن. ئێلەکانی بەختیاریی، لە ناوچەکانی خوزستان و بیابانەکانی ئەوێوە، نیشتەجێ بوون و بەرە بەرە بەرەو ناوچەکانی نزیک لوڕستان و ئەسفەهان کشاون.

بەڵام حاڵی حازر، بەختیارییەکان، لە فارس و خوزستان و ئەسفەهان و ڕام هورمز و شوشتەر و دیزفوول ئیزە و مەسجدی سلێماندا، دەژین.

**بەد (ئن)**: ئەم وشەیە، زۆر دێرینە و دەگەڕێتەوە، بۆ زمانی بنەڕەتی ئارياییەکان و لە زوربەی زمانە هیندوئێرانییەکان و هیندۆئەورووپاییەکاندا بەهەمان واتا و هەمان ئاوازەوە، (ئەم وشە دێرینەیە) بەکار دێ.

ئەم وشەیە، بەواتای (خراپ)، (ناڕەوا)، (فیتنە)، (ناڕاستی) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– تاوەکو (بەد) نەبینی، یادی بەد ناکەیتەوە!

– یاخود دەوترێ، بەدگۆیی ئەو ئاشووبی لە ناو خێزانەکەدا، بەرپا کرد.

(بەخت) لەگەڵ، (بەد)دا، هەندێ جار و بۆ بەدەستەوەدان واتایەکی نوێ و مەبەستێکی



نوێ، وشەیەکی ناساکار، پێک دەهێنن و (بەدبەخت) دروست دەکەن و ئەمانیش، بەهۆی (-ی)ی پاشبەندەوە (بەدبەختی) وەک (ناو) دروست دەکەن و کە واتای (بەدشانیسی)، (بەدچارەیی) و (چارەڕەشیی) و (بەدتالعەیی) و (تالعڕەشی) دەدات.

**بەدخوو (بەدخۆ) (ئن)**: (بەدخوو)، یاخود (بەدخۆ) وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە، لە وشەکانی (بەد) و (خوو) یان (خۆ) و هەریەکێ لەوانە، وشەیەکی کوردیی کۆنە و (بەد) هەروەک لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە، بەواتای (خراپ) و (ناڕەوا) هاتووە و (خوو) یان (خۆ)ش، بەواتای (ئالوودەگی، موعتاد، هۆگر) هاتووە و بەهەردووکیانەوە، لە چوارچێوەی (بەدخوو)دا، یەکیان گرتووە، بۆ ئەوەی واتای: (کردەوە خراپ)، (کردەوە ناڕەوا)، (بەدکردار) و (بەدڕەفتار) بەدەستەوە بدات.

**بەر ئاوەرندە (ن. کا)**: ئەم وشەیە، لە چەند وشەیەک پێکهاتووە و ئەوانیش، (بەر) و (ئاوەر) و (ندە).

بەهەرحاڵ، وشەکە، کوردییەکی کۆنە و پارچەکانیشی کوردیی ڕەسەنن و ئەمڕۆ، لە چوارچێوەی (بەر ئاوەر) بەکار دێ و ئەم جۆرەش، (ناوی کارا)یە، لە ڕووی ئەرکەوە و هەر بەو ڕوواڵەتەشەوە و ئاوازەشیەوە، بەواتای (دەرهێنەر)، (سەرفرازکەر)، (نەجاتدەر) هاتووە.

**بەربشۆ (ف)**: فرمانێکە و لێکدراوە، یاخود دوو پارچەیە و بەواتای (دەربچێ) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– گیانش بەربشۆ، گفتوگۆش چەنی مەکەرۆ!

واتە: گیانی دەربچێ، گفتوگۆی لەگەڵدا، ناکەم!

بەهەرحاڵ، وشەکەم بەم جۆرەیە:

– (بەر)، بەواتای (دەر) هاتووە.

– (بشۆ)، بەواتای (بچێ) هاتووە.

**بەرپاکونەندە (ن. ک)**: ئەمیش وشەیەکی، ناساکارە و پێکهاتووە، لەم وشانە:

– (بەر)، (پا)، (کونەندە).

حاڵی حازر، لە شێوەی کوردییدا، (بەرپاکەر)ە و فارسەکانیش بۆ ئەوەی، وشەکە، بکەن بەهیی خۆیان، (نەدە)یان بۆ خستووەتە، سەر و کردوویانە، بە(بەرپاکونەندە)، کە

واتای (بەرپاکەر)، (پێکهێنەر) دەدات و ئەم جۆرە بەکارهێنانەش کە ئاغا عینایەت، بەکاری هێناوە، بەکارهێنانێکی کوردیی فارسییە.

**بەرچیدە (ئن):** ئەم وشەیە، بەواتای (پێچراوە)، (هەڵگیراوە)، (داخراوە)، هاتووە و بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەم کارە، پێچراوەی ئەوە.

– بەزۆر دووکانەکەیان، پێ پێچرایەوە!

**بەرد (ن):** بەرد، کوردییەکی کۆنە و بەواتای (سەنگ) و (تەوەن) هاتووە، ئەگەرچی (تەوەن) سیفەتی ئاوەڵناویی هەڵگرتووە و بەواتای (ڕەق) و (بتەو)ی بەرد هاتووە. واتە: یەکێ لە سیفەتەکانی بەرد (تەوەنی)یە، کە واتای ڕەق و بتەوی، بەدەستەوە، دەدات.

بەهەرحاڵ، بەرد، بەواتای، (تەوەن)، (کوچک)، (خڕەبەرد)، هاتووە.

**بەردەن (ف):** بەردەن، خۆی لە خۆیدا، بەڕووتوقووتی، فرمانە و بۆ کەسی سێیەمی تاک و بەواتای: (ئەو بردوویەتی) دێت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا، لەگەڵ ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکدا، دەبێ بەڕستەیەکی خەبەری تەواو!

**بەردی زەنجیر (ن):** سەراوێکە، کەوتووەتە نزیک دێی (زلان)ەوە و سەر بەناوچەی (سەلاس و باوەجانی)یە.

**بەردی کەشکان (ن):** ناوی هەوارگەی، دێی (سەرۆ)یە، کەوتووەتە داوێنی شاخی (شاهۆ)وە و لە لایەکی دیکەشەوە، (بەردی کەشکان)ی دیکە هەیە، کە ناوی (یاڵ)یکە و کەوتووەتە، پشتی دێی (دووریسان) و دێی (شمشێر)ەوە و سەر بەناوچەی پاوەیە.

**بەرشیی (ف):** بەرشیی، فرمانە و بۆ کەسی سێیەمی تاکە و بۆیە، بۆمان هەیە بڵێین؛ کە خۆی، لە خۆیدا، ڕستەیەکی، تەواو و بەم جۆرە واتایە، هاتووە:

– بەرشیی، واتە: دەرچوو!

بەرشیی و دەرچوو، هەریەکێ، لەمانە، کار و کردەوەکەی بۆ کەسی سێیەمی تاک، دەگەڕێتەوە و واتە بەم جۆرە:

– ئاد، بەرشیی؛ واتە: ئەو دەرچوو!



**بەرعەکس (ئن):** بەواتای پێچەوانە، هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو هەمیشە بەرعەکسیی، براکەی دەجووڵێتەوە!

**بەرف (ن):** (بەرف) و (بەور) و (وەفر) و (وەرو) و (بەفر) هەر یەکێکە و سەرپاکیان، یەک واتایان هەیە.

بۆ وێنە، مەولەوی دەڵێ:

(بەرزان هیلال تار، وەروان قەرار دا
غوڕەی شاری شۆر، دڵان، دیار دا)

**بەرق (ن):** بەرق، لە وشەی (بَرْق)ی عارەبییەوە هاتووە و لە ناو کوردیی کوردەکانی ناوچەکانی ئێراندا، بەزۆری بەکار دێ و بەواتای (ڕۆشنایی، پرشنگدەر، رووناک پژین، کارەبا، روونکەرەوە) هاتووە.

بەم جۆرە دەخرێتەوە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەمڕۆ، لە سەرانسەری کرماشاندا، بەرق خامۆش بووبوو!

بەم بۆنەیەوە، مەولەوی دەڵێ:

(عەرەقچین نە تۆی سورمەدا، غەرقێ
وە فەرقی فەرقێ، با زەرق و بەرقێ)

هەروەها، (فتح الله)ی (فهیم)، شاعیری بەناوبانگی سنجاویی لەم ڕووەوە، دەڵێ:

(تەراقەی ترووق گاوسەر، نەوشەو
بەرق مەدا، چون لاڵ باڵی کەیخوسرەو)

**بەرگ (ن):** (بەرگ)، بەواتای (پۆشاک) و (گەڵا) و (وەڵگ) و هەر گەڵایەکی گیا، درەخت، کە پانوپۆڕ بێ و لە ڕاستیشدا، وشەکە، کوردییەکی ڕەسەنە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– زستان، هاتە پێشەوە و بەرگی فەقیر و هەژار دڕا!

**بەرگوزیدە (ن . بەرکار):** بەرگوزیدە، بەواتای (هەڵبژێراو)، (هۆرچنیاو) هاتووە. هەروەها، بەواتای (ڕەوا)ش، (سەرلەبەر) هاتووە.

بۆ وێنە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، یەژێ:

(وەش ئامـای وە خـەیر، هەی، بەرگـوزیدەم
سـا قـەدەم، باوەر، وە بانی دیدەم)

**بەرگەشت (ن . ج)**: ئەم وشەیە، بەواتای، (گەڕانەوە)، (هەڵۆگەڕانەوە) بەکارهاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەخت بەرگەشت بوومەوە.

**بەرۆین (ن)**: جێگای هۆزی (قووایی) و کەوتووەتە عراقەوە.

**بەزر (ن)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (بَذْر)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (تۆو)، هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەمساڵ، زەویەکەیان، لەبەر بێ بەزری، بەبێ بایەخی، ماوەتەوە!

**بەزم (ن)**: بەزم، بەواتای (بیانوو) و (ئاواز و گۆرانی) و (شایی) و (جەمی شەراو و مەیی و میوانداریی و خۆشیی و رابواردن، جۆری گۆرانی و سیاوچەمانە) دێ. بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە:

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو ئافرەتە، بەزمی زۆری لێ ئەبێتەوە!

– سیاوچەمانە، پتر لە بیست بەزمێکی هەیە!

بەم بۆنەیەوە، مەولەوی دەڵێ:

بەزمەن، شادییەن، عەیشەن، نیشاتەن
کەیفەن، شۆخییەن، شەوقەن، حەیاتەن.

**بەس (ن)**: بەس، لە وشەی (بەست)ەوە، هاتووە و وشەیەکی کوردیی، کۆنە و بەواتای (وەس) و (کافی و کوسایی) هاتووە، ئەگەر بە(بەس) گۆ بکرێ و بەواتای (بەند) یاخود (سەد)ەی عارەبی، هاتووە، ئەگەریش، بە(بەست) بخوێنرێتەوە.

بەهەرحاڵ، بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– نامەیەک بەسە، بۆ بەسەرەوە کردنەوەی!

– ماڵەکەی بەستە (بەسە)و کەس ناوێرێ، ڕووی تێ بکا!

بۆ وێنە، مەولەوی دەڵێ:



(ئازیز، وەس بوزەم، نە گێجاوی خەم
وەس، چون بینایی، پەنهان بەر نەچەم)

**بەستە (ن)**: (بەستە)، ئەگەر بەناو بێ، بەواتای (بەزم) یان (جۆر) هاتووە، هەروەها بەواتای (بەستراو)، (گیراو)یش هاتووە، پتر لەوەش، بەواتای یەخکردوو، رچیاو هاتووە، ئەگەر لە ڕەگی کاری، یاخود چاوگی (بەستەی = بەستن)ەوە، هاتبێ!

هەر لەمەوە، واتە، لە ڕەگی (کار = فرمان)ەکەوە، (بەستەن) هەیە، کە کردەوەیەکە، بۆ کەسی سێیەمی تاک و لە دۆخی رابوردوودا! بەم بۆنەیەوە، مەولەوی دەڵێ:

(وێنەی عوقدەی پێچ ریشەی ئەروا و دڵ
بەستەبۆ، جە نم، خوی مۆیەت، زەنگڵ)

بەم بۆنەیەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی یەژێ:

هەرکۆ خەمێ بۆ، نە ئاڵەم ئیمشەو
گردین، جەم بەستەن، نە تاڵەم ئیمشەو!

**بەشارەت (ن)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (بشارة)ی عارەبییەوە، هاتووە و واتای (مزگێنی)، (هەواڵی خۆشیی)، (موژدەی فەرەح) دەدات.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەشارەتی بەربوونی کوڕەکەی لە بەندیخانەدا، دایێ!

**بەعزێ (ئا . ژمارە)**: لە وشەی (بعض)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (چەندێ)، (هەندێ)، (نەختێ)، هاتووە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەعزێ پیاو، بۆ ماڵی کاوە چوون.

– بەعزێ برنجی کڕیبوو، بەڵام، ڕزا بوو!

– بەعزێ، پوولی، بۆ ناردبووم!

**بەق (ن)**: (بەق)، بەنێری (کەو) دەوترێ و جۆرە ڕاوێکیش هەیە، کە بەهۆی (بەق)، یان کەوی (نێر)ەوە دەکرێ، پێی دەوترێ، (شەڕە بەق).

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەقەکەم، کەوێکی زۆر چاکە و شەڕە بەقی چاک دەکات!

**بەڵخ (ن)**: ئەم وشەیە، بەو پارچە سپی کارەیە دەوترێ، کە ناوی قوڕی ئاو گەرم کردن،

سەماوەر دەگرێ و هەروەها بەو ئەشەناتە سەوزکامە دەوترێ، کە لە ناو هەندێ ئاوی کانیاودا، دەکەوێتەوە سەر ئاو، یان بەبەردەکانیەوە، دەنووسرێ، هەروەها، بەکەڕووی نان و بەرد و هەندێ شتی دیکە، دەوترێ!

لە ناو کوردەواریی جافەکانی جوانڕۆدا، (خلت) و (جرم)ی بۆ بەکار دەهێنن و لە فارسیدا (کفک)ی پێ دەوترێ!

**بەلەباقە (ن)**: جۆرە نەخۆشییەکە، کە بزن دەیگرێ و ئەویش، نەخۆشی ناو سمەکانیەتی کە وەک دابخورێن و نەتوانێ بیانخاتە سەر زەویی و ئەنجامەکەشی، زوربەیان بەو نەخۆشییە (لە دەوری کۆندا) کوژراون و لەناوچوون و لە هەندێ جێگاشدا، (بەلەواقە)ی پێ دەوترێ:

بەم بۆنەیەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، یەژێ:

(بۆ، من، خۆ، ناوێ، هەرگیز، ئی - تاقە
بزن، کەی دەرچوو، لە بەلەواقە)

**بەلەبزان (ن)**: هەروەک، کوردەکانی جوانڕۆ، وەها دەڵێن، (بەلە) بۆ بانگ کردنی (بزن)ە و (بزان)یش کۆی (بزە)، یاخود کۆی (بزن)ە و وەک دێییەک لە نزیک، ڕووباری سیروان، لە نزیک دەودان -ەوەیە و سەر بەهەورامانی لهۆنە و حاڵی حازر، هەورامانی لهۆن، بەشێکە، سەر بەکرمانشاه.

**بەمۆ (ن)**: ناوی شاخێکە، کە کەوتووەتە قەراغ سیروان و بەرامبەری شاری هەڵەبجە.

**بەند (ئن)**: (بەن) و (بەند)، ناوبەناو بەهۆی پەڕینی دەنگی (د) دێوە، تێکەڵ بەیەکتریی ئەبن و یاخود، بەیەک دەزانرێن و بەهەرحاڵ، وا ئێمەیش، لێرەدا هەوڵی جوێ کردنەوەیان، دەدەین:

(بەن)، بەو (ڕێسە) دەوترێ، کە بەهۆی ڕێسانەوە، لە (خوری و کوڵک و موو)، ئامادە دەکرێ و بۆ دروستکردنی (خەرار) و (هۆڕ و توورەکە) و بۆ دەرگا بەستنی (گونی و هەمانە و توورەکە) بەکار دەهێنرێ و کەواتە، (بەن) بەواتای: دەزووی لە (موو) ڕێسراو لە (کورک و پەشم) ڕێسراو، هاتووە.

(بەند)یش، بەواتای (حەبس) یاخود (سجین)ی عارەبی هاتووە، هەروەها، بەواتای (درز) هاتووە، پتر لەوەش بەواتای، (گرتن، بەستنەوە، وەستاندن) هاتووە، جگە لەوەش بەشێوەی (بەندە)، وەک (عەبد = خزمەتکار) بەکار دێ.



(بەندیخانە)ش، بەهۆی (بەند)ەوە، دروست دەبێ و بەواتای (سجن و حەبسخانە) هاتووە.

بەم بۆنەیەوە، قانیع یەژێ:

(بیری ئازادیی لە زیندانا، فراوانتر ئەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بەبەندیخانەیە)

**بەنیگەز (ن)**: ناوی، ڕیزە شاخێکە، کە لە ناوچەی سنجاوییەوە و دەست پێ دەکات، بەناوچەی وەڵەدبەگی و باوەجانی قوواییدا، بەرەو ژووروی ڕۆژئاوای ئەو ناوچانە دەڕوات، تاوەکو دەبڕێتەوە.

**بەورەوار (ن)**:

ناوی ڕێگایەکە، کە لە ناوچەی جوانڕۆوە بەرەو شاهۆ دەڕوا.

**بەهانە (ن)**: بەهانە، وشەیەکی پەتی ڕەسەنە و بەواتای (بیانوو) هاتووە و لە بنەڕەتدا، (ڤەهانە)، (وەهانە) بووە و ئەمەش هەروەک وتمان، بەواتای (ملەجیرێ ناپەسەند و بەبێ هۆ) دەگرێتەوە (پەڵپ).

بەهەرحاڵ، بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- ئەو بۆ بیانوو دەگەڕێ بۆ ئەوەی سەرمان لێ نەدات!
- ئەو بەبەهانەی نەخۆشییەوە، بۆ دەوام نەچوو!

بەم بۆنەیەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، دەڵێ:

(توخوا، یا شێخ مەگرە بەهانە
من جە ئەورەحمان، کەمتەر مەزانە!)

**بەیان (ن . ف)**: (بەیان) بەهۆی جۆری ئەکسنت و جۆری گۆکردنییەوە، لە ناوەوە، دەبێ بە(فرمانی) داخوازیی یان هی (فەرمان) و بەهەرحاڵ، (بەیان) وەک ناو، لە لایەکەوە کۆی (بەی = بەهێ)یە و هەروەها بەواتای (سوبح = سۆح)، (سەرەتای سوبح) دێ و ئەگەریش، ئاوازەکەی بگۆڕین، دەبێ، بە(فرمان) و بەواتای (با، بێن) یاخود، (با، بێن) دێ و کە ئەمەش، وەک ڕستەیەکی تەواو سەرژمێر دەکرێ و ڕاناوەکەشی (ئەوان)ە.

بەم بۆنەوە، حەسەن کەنۆش، دەڵێ:

جە بەیانەوە،..............
حاڵێ پێم یاوا، جە، بەیانەوە

خـالّیَ دیم نە بەین، دوو بەیان –ەوە
مەدرەوشۆ، چون نەجم، وە بەیان –ەوە
حـەکـاکـانی، دەور، گـشت بەیانەوە
کیَ دییـەن، مـەغـریب، وە بەیانەوە.

**بەیتولحەرەم (ن)**: ئەم وشەیە، لە (بیت الحرام)ی عارەبییەوە هاتووە و مەبەستی لەم وشە ناساکارە، (کەعبە)یە.

**بەیداخ (ن)**: ئەم وشـەیە، بەواتای (درەفش) و (عـەلەم) و (پەرچەم) هاتووە و ئەمـەش پارچە قوماشێکە، کە ڕەمزی دەوڵەتێ کۆمەڵێ دەنوێنێ و وەک دروشم، بۆ هەر دەوڵەتێ، لە قـەڵەم دەدرێ و کـەوتنی، ئەو بەیداخە، یاخود، ئەو درەفشـە، بەکـەوتنی خاوەنی ئەو پەرچەمە، لە قەڵەم، دەدرێ و لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەو بەیداخە، خاوەنی ڕێز و ئیحترام و خۆشەویستییە و وەک (بەیاخ) لە ناو کوردەوارییدا، یاوە.

**بەیدێ (ف)**: (بەیدێ)، (فەرمانە) و بەخۆیەوە و بەڕاناوی کۆیەکەوە، کە وەک پاشبەندێ، پێیەوە بەند بووە، (ڕستەیەکی فەرمانی)یە و بەواتای؛ (وەرن) دێ.

**بەیۆ (ف)**: ئەمیش، بەجۆری (فەرمان) و بەجۆری (ئیزندان)، یان (داوا لێکردن) بەرچاو دەکەوێ و بەم واتایانەوە، هاتووە:
با، بەیۆ! بابێت! (ئیزن)، (فەرمان)
بلێین، بابێت! (داخوازی)

**بۆ (ف)**: ئەمـە، فـەرمـانە و بەواتای (وەرە) هاتووە و هەندێ جـاریش وەک (ناو) کـە بەواتای (بۆن) دێ، بەکار دەهێنرێ.
بەم بۆنەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەڵێ:
(بۆ، مـەشـۆ وەسـەیر، وێت، مـەدەر، ئازار
چەمـەن، بێ سەیرەن، تا، چەم، کەرۆ، کـار)
هەروەها، میرزا ئۆلقادری پاوەیی لە جێگایەکی دیکەوە، دەڵێ:
(گوڵ، جە عـەشقی، ئەو، دایم، تاسەشـەن
گـولاو ئینتـیـزار، بۆی هەناسـەشـەن)

**بوخار (ن)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (بخار)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای (هەڵم)، دێ و



بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– وا، دیارە، دنیا گەرمی کردووە، چونکە هەڵم لە ئاوەکان بەرز ئەبێتەوە.

**بۆتە (ن)**: ئەو ئامێرەیە، کە بۆ تواندنەوەی، هەندێ کانزا، بەکار دێ و لەوە دەکات، کە وشـەیەکی کـوردیی زۆر کـۆن بێ و لەوەش دەکـات، کـە بەو دەقە (البـودق)ی عـارەبی، لەوەوە، وەرگیرا بێ، یاخود ئەو بێ بەعارەبی کرابێ.
بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ئەوە بۆتەی، قورقوشم تواندنەوەیە.

**بورج (ن)**: بەقـەڵای بەرز، کـە بەمـەبەستی پاسـەوانی و ئێـشک کـردن و ئاگـاداریکردن، دروست دەکرێ، دەوترێ، هەروەها، بەهەریەکێ لە دوانزە بورجەکانی ساڵ دەوترێ و پتر لەوەش، وەک نیشانەی مانگ، یاخود، بۆ ناوی مانگ بەکار دەهێنرێ:
بۆ وێنە، دەوترێ:
– هەریەکی لە دوانزە بورجەکانی ساڵ ناوێکی تایبەتی هەیە!
– مانگی، چوار جار، لەو بورجەدا، ئێشک دەگرێ!
– جەژنی پیرۆزی ئینقلابی ئیسلامی ئێران ڕێککەوتی (٢٢) بورج دەکات!

**بووازە (ف. فە)**: واتە، فرمانی فـەرمانە و بۆ کەسی دووەمی تاکە و بەواتای (بخـوازە)، (داوا بکە)، (قەرز بکە)، (دەستەوامی بکە).
(بووازوون) بەواتای (بخوازم) هاتووە و بەم بۆنەیەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەڵێ:
تـاکـــــەی بـووازوون ئـاوات وە عــــــەدەم
تاکـەی، مـیلی خـەم، بکێـشـۆن، نە چەم!

**بۆوە (ن. ج)**: بەواتای (وەرەوە)، (دەبێتەوە) هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– بۆوە، ئۆ سلێمانی!
واتە: وەرەوە بۆ سلێمانی!

**بویارۆن (بویاروون)**: ئەم وشـەیە (بویارۆن) بەواتای (ڕابـوێرێ)، یان (بیـپـەڕێنێ) دێ و (بویاروون)یش، بەواتای (ڕابـوێرم)، یان (بیـپـەڕێنم) دێ. بەم جـۆرە، دەخـرێتـە، ناو

ڕستەوە و دەوترێ:

– چەودما، پەی، وێم، بویاروون!

– واتە: لەو دوا، بۆ خۆم، ڕاببوێرم!

یاخود دەوترێ:

– با، پەی وێش، بویارۆن!

واتە: با، بۆ خۆی، ڕابوێرێ!

**بیابان (ن)**: بیابان، یان بیاوان، بەواتای دەشتایی چۆڵ و بێ ئاو دێ. بەم جۆرە، لە ناو ڕستەدا، بەکار دێ:

– لە بیاباناندا، مەگەر، بەباران گیا سەوز بێ، ئەگەر بباریّ!

**بیاشۆش (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێیەکانی جوانڕۆ، کەوتووەتە، سەر ڕێگای روانسەر و جوانڕۆوە.

**بێ پەی (ئن)**: ئاوەڵناوە و بەواتای (بێ بن)، (نەزانراو)، هاتووە. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و، دەوترێ:

– بیرەکەم، دۆڕاندووە و چووەتە، دەریایەکی، بێ پەیەوە!

بەم بۆنەیەوە، سەی یاقووی مایدەشتی وتوویەتی:

(عارف ئوستادان، سەرافانی حەیی
حازق غەواسان، بەحرانی بێ پەی)

**بیجار (ن)**: شاری (بیجار) یان شاری گەڕووس، کەوتووەتە ناوچەکانی کوردستانەوە و سەر بەکوردستانی سنەیە و شارێکی کوردیی کۆنە و بەقاڵیکردنەوە ناوبانگیان، دەرکردووە و لە لایەکی دیکەوە، بەرزترین شاری ئێرانە، لەسەر ڕووی دەریاوە!

**بێ جیهەت (ئن)**: پێکهاتووە، لە (بێ) کە ئامرازی نەفی کوردییە و (جیهەت)یش وشەیەکی عارەبییە و بەهەردووکیانەوە، وەک وشەیەکی متوربەکراو، بەواتای (بێ لایەن) هاتووە. هەروەهاش، لە ناو کوردەکانی ئێراندا، بەواتای (بێ هۆ، بێ دەلیل) هاتووە!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– تۆ بێ جیهەت، لە من، ڕەنجاویی!



**بێچار، بێچارە (ئن)**: وشەی (بێ چار = بێچار) بەواتای (بێ دەرمان)، (بێ شانس) و (بێ ئیقباڵ) و (بێ تاڵع) هاتووە، هەروەها، بەواتای، (داماو، نەتەوانا، کەلەلا، هەژار،...) هاتووە.

شایانی باسە، وشەی (بێچارە)ش هەر هەمان، واتا دەگرێتەوە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو، ئەو نەخۆشییەی، بێچارەی کردووە!

– بێچارەی وەها چییە، کە تۆ لێی بگریی!

– بێچارەیە، بۆیە ئەویش، پێی، ڕازیی، نەبوو!!

**بێچوون (ئن)**: وشەیەکی ناساکاری کۆنە، لە کوردییدا و بەواتای، (بێ وێنە)، (بێ هاوتا)، (بێ هاوکار) هاتووە و سیفەتێکی جاویدانییە، بۆ خوای خوایان.

**بێخود (ئن)**: (بێخود)، بەواتای (بێ هۆش) و (بێ سوود)، (بێ ئیرادە) و (بێ هەوەس) و (بێ هاز) دێت.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو کارەی کە تۆ، خەریکیتی، بێ خودە!

**بێ داخ (بێداخ) (ئن)**: بێداخ، بەواتا، (بێ دەرد)، (بێ ئۆف) و (بێ ئێش) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– تا، ما، بە بێداخ دنیای گوزەراند!

**بێدار (بێ دار) (ئن)**: ئەم، وشەیە، بەواتای، (بەئاگا، نەخەوتوو، بەهۆش) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– حەز دەکەم کە براکەت، لە خەو بێدار بکەیتەوە!

**بێدوون (بێ دوون) (ئن)**: پێکهاتووە، لە (بێ)ی کوردیی و (دون)ی عارەبی، یاخود هەر عارەبییە و ئەویش (بدون)ە و بەواتای (بەبێ) هاتووە. لە لایەن کوردەکانی ئێرانەوە، بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بێ دوونە جیهەت، لە من عادز، بووە!

**بیر (ن)**: بیر، لە کوردییدا، بەواتای (چای) و (چاڵاو) و (ویر) و (فیکر) دێ و بەم

جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەبیری من، ئەو کارە نەکات باشە.

– ئەو کابرایە، بەبێ بیرلێکردنەوە، کار دەگرێتە بەر!

– بیری ئاوەکە، ئاوەکەی، کەم بووەتەوە.

شایانی باسە، (بئر)ی عارەبی، لە (بیر، ویر)ی کوردییەوە، وەرگیراوە و چونکە، وشەی (ویر، بیر) وشەیەکی ئاڤێستاییییە!

**بێزا (بێزا) و (بێزار)**: (بێزار)، بەواتای، (بێتاقەت)، (بێ هەوەس) و (بێ مەیل) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بێزارم، لەم ژیانەی، کە حاڵی حازر، هەمە!

بەڵام (بێزا) و (بێزیا)، بەیەک، واتا، هاتوون و ئەویش، واتای (لووتەلا بوون) و (نەفرەت لێکردن)، (ئیتر نەویستن) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– درۆزنی وەها، لە لای هەموو کەسێ، بێزیاوە!

بۆ وێنە، جهان ئارا خانم دەڵێ:

(ئەو حەکیم بدۆ، دەوا، پەیاپەی
خۆ من بێزارم، جەو جام و جەو مەی)

**بێزەل (ن)، (ئن)**: ئاوەڵناوە، لە کاتێکدا، کە بەجێگایەک بوترێ، کەم ئاو بێ و زەل و زووزی تیادا، نەڕوێ و ئەگەریش، بەپێچەوانەوە بێ، ئەوە (زەلدار)ی پێ دەوترێ!

بەڵام، وەک (ناو) بەم جۆرەیە:

ناوی هەوارگەیەکی، ئیناخی و ئیمامییە، کەوتووەتە، نێوان سنووری تاوگۆزی و ئیناخی و ئیمامییەوە.

**بیسات (ن)**: ئەم وشەیە، لە (بساط)ی عارەبییەوەیە و بەواتای، (فەرش) و (پانتایی) و (سەرمایە) و (کەلوپەل) و (دەستگا و کەلوپەل) و (بەزەویوزار)، بەکار دێ!

بەم بۆنەیەوە، خانا، دەڵێ:

هەم خوسرەو نەوجا، ئاراست بیساتێ
بیساتی ڕەنگین، پەڕ، جە نیشاتێ

**بێستوون (ن)، (ئن)**: وەک ئاوەڵناو، بە(ئاسمان) دەوترێ، چونکە بێ کۆڵەکەیە و



(ستوون)یش، وشەیەکی ئاڤێستایی کۆنە و بەهەرچی بانێ کە کۆڵەکەی نەبێ؛ بانی بێ کۆڵەکە، هەیوانی بێ (ستوون) کۆڵەکە، بێستوون، دەوترێ!

بەڵام بێستوون، وەک ناو، ناوی شاخێکی بەناوبانگە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری کرماشانەوە و نووسینەکانی دەوری هەخامەنشی بەسەریەوە، هەڵکەندراون، کە لە لایەن راولنسۆن –ەوە کاتی خۆی، نووسرانەوە و برانە ئەورووپا، لەوێ خوێندرانەوە و ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەوە، کە نووسینە مێخیەکانی دیکەی دەوری هەخامەنشی بخوێنرێنەوە.

بەهەرحاڵ، ئەو نووسینانە، کە بەچەند جۆرێ نووسراون، لە لایەن داریۆشی گەورەی هەخامەنشییەوە، نووسراون و زۆرتر باسی خواپەرستییە و ئەهرۆمەزدەش پشتی داریۆشی گرتووە، چونکە ئەم بەدڵ و دەروون، ئەو دەپەرستێ!

بەم بۆنەیەوە، خانا یەژێ:

پەی مەرگی فەرهاد، نە پای بێستوون
نوختەی ماوی خاڵ، کەندەن، بەناخوون

**بێشتەر (ئن . بەراورد)**: بێشتەر و فیشتەر و بیشتەر، هەرسێکیان، هەر یەک واتا دەدەن، بەواتای، زۆرتر، فرەتر، زیاتر، لەبەرتر، هاتوون و بەم جۆرە دەخرێنە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– من ئەوم، بیشتەر لە براکەی خۆشترم دەوێ!

بۆ وێنە، جیهانئارا خانم، دەڵێ:

(نەمەندەن تاقەت تەوانای تانە
جەی فێشتەر عەزاب پەنەم، مەنمانە!)

**بێعار (بێ عار) (ئن)**: (بێ عار) متوربەکراوی کوردیی و عارەبییە و (بێ) وەک ئامرازی نەفی و کە کوردیی و (عار)یش عارەبییە، کە واتای (عەیب) و (نارەوا) ئەدات و بەهەردووکیانەوە، وشەیەکی لێکدراوی دووڕەگیان دروست کردووە و بەواتای (بێ چاووڕوو) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو، بەبێعاریی، دنیای بردووەتە سەر!

**بیل (ئیڵ) (ئن . ن)**: (بیل) وەک، ئاوەڵناو، بەواتای یەکێکی بچکۆلە و کورت و ناتەواو لە بنیاددا، هاتووە، هەروەها، بەواتای (قوڕی لیتە) هاتووە. بەڵام هەندێ جاریش، وەک (ناو) بەکاری دەهێنن و ئەو کاتیش بەئامرازێ دەوترێ (بێڵ)، کە بۆ هەڵکەندنی زەوییە،

کشا وەرزییەکان خاوەن زەویوزار (کشاوەرز) بەکاری دەهێنێ!

بۆ وێنە، دەوترێ:

- کوڕە، وازم لێ بهێنە، ئەگینا لە داخی تۆدا، خۆم دەخەمە بیلەوە.

- ئەو کابرا، بیلە، چە کارێکی پێت هەیە!

- هەرچی، خاوەن باخ و باخات هەن، بێڵ و خاکەناز و زەنگنی، تایبەتی خۆیانیان هەیە!

**بێڵەتاو (ن)**: ناوی باخ و سەراوێکە، لە کێوی (بەنی گەز)دا.

**بێڵەگی (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێیەکانی جوانڕۆ.

**بێ نەزیر (بێنەزیر) (ئن)**: ئەم وشە لێکدراوە، دووڕەگە و پێکهاتووە، لە (بێ)ی کوردیی و (نظیر)ی عارەبی و بەهەردووکیانەوە، بەواتای، (بێ وێنە)، (زۆرچاک)، (بێ هاوتا) هاتووە.

بەم، جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- ئەو، بۆ، زیرەکیی و لێهاتوویی و سەوادداریی، بێنەزیرە!

بەم بۆنەیەوە، خانا یەژێ:

(بانوو، جە خزمەت، ئەو شای بێ نەزیر
بەشەو هەم بەڕۆ، هیچ نەکەرد تەقسیر)

**بێهتەر (ئن . بەراورد)**: ئەم وشە کوردییە، بەواتای (خاستەر) و (چاکتەر) و (سەرلەبەرتەر) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- ئەو، لە شیعر داناندا، بێهتەرە، لە کاوە!

هەر لەو وشەیەوە، (بیهتەرین) وەک پلەی بەراوردی بالا، بەکار دێ و بۆیە، دەوترێ:

- ئەو بیهتەرین، شاگردە، لە ناو ئەو هەموو شاگردانەدا.

**بێهداشت (ن)**: ناوێکی لێکدراوە، کە واتای تەندروستی ئەدات، بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- بێهداشت، بۆی هەیە، کە خواردەمەنی پیس و پۆخل بسووتێنێ و نەیەڵێ کەس بیخوا.

- بیهداشت، پارێزگاری تەندروستی دەکات و توانای بەرگریکردنی نەخۆشی هەیە.



**بێ هەور (بێهەور) (ن . ئن)**: بێهەور، وەک ئاوەڵناو، بەواتای، سافی و پاکی ئاسمان، کە هەوری پێوە نییە و سایقەیە، هاتووە، هەروەها، لە شێوەی ئیستیعارەدا بەواتای، بێ لەکە، بێ درۆ، بێ فرتوفێڵ دێ!

بەڵام (بێهەور)، وەک (ناو) و ئەویش دێیە، بەم جۆرەیە:

ناوی دێیەکە لە دێیەکانی ناو دەروەن، سەر بەناوچەی کرماشان، کەوتووەتە، سەر ڕێگای (کرماشان - کامیاران)ەوە.

**بیی (کاری یاریدەدەر)**: بیی، کارێکە، باسی رابوردوو، دەکات و بەواتای (بوو) هاتووە و بەم جۆرەش هی دیکەی لێوە، وەردەگیرێ:

- بیم، بەواتای، بووم هاتووە.

- بییەن، بەواتای بوو -ە، هاتووە.

بەم بۆنەیەوە، جیهانئارا خانم یەژێ:

دەروونم، جە عەشق، بالات قەقنەس بیی
رۆحم، چەنی رۆح پاکت، پەیوەست بیی!

هەروەها دەڵێ:

ئەرێ کەرەم دار، ئاگای کوللی حاڵ
تۆ وێت عەلیمی، ها، بیم، وە زوخاڵ.

هەروەها، خانا یەژێ:

هەرچەند مورغی دڵ، پا بەستش بییەن
پۆسەمە شنەفت، نیشانەش، نییەن!

**برا (براڵە) (ن)**: (برا) و (براڵە)، هەر یەکێکن و تەنها ئەوە هەیە، کە (براڵە) نەختێ خۆشەویستی و بچووکی پیشان دەدات و بەم جۆرە، لە کوردستانی عراق و هی ئێراندا، بەکار دەهێنرێ و براڵەش، بەزۆری لە ناوچەکانی هەورامانداا، بەکار دێ و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- من دوو برای گەورەم هەیە و براڵەیەکیش!

**بریا، بریان، بڕیان**: وشەی (بریا)، بەواتای (برا) هاتووە و (بریان)یش، بەواتای (براو) هاتووە و بەڵام بەواتای (پیشراو)یش هاتووە. (بڕیا) و (بڕیان)یش، بەواتای (بڕا) و

(براو) هاتوون و بەم جۆرە، دەخرێنە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– هەرچی کەلوپەل هەن، بریان (براوە).

– ئەمڕۆ، چێشتی (بریانی)مان، هەس!

– سەرتاپا، جلێش پۆرە، بریان!

– ئەو ناویە، پێدا، بریاوە!

بەم بۆنەیە، جیهانئارا خانم، دەڵێ:

بەچەند کەسش دان، زەردیی بەگۆناش<br>
خوسووس ڕەنگی من، بریان، وە باڵاش

**برێژیا (ک)**: ئەم، وشەیە، کوردیی کۆنە و ریشەیەکی ئاڤێستاییە و بەواتای برێژرابایە، دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– خۆزگە، ئەو خواردنەت برێژیایە و بەو سفلەیەت، نەدابایە!

**برووود (ئن)**: لە وشەی عارەبییەوە (برود) وەرگیراوە و واتای (ساردیوسڕی)، بەدەستەوە، دەدات و بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو لەگەڵ خزمانیدا، بروودەت، پیشان دەدات.

**بزانۆن، بزانوون، بزانی**: وشە، یاخود (زان) ریشەیەکی ئاڤێستاییە و کوردیی پەتی ئەمڕۆیشە و (بزانۆن)، بەواتای (بزانێ) هاتووە و (بزانوون) بەواتای (بزانم) هاتووە و (بزانی)یش، بەواتای تۆ بزانی، هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێنە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– دەبێ بزانۆن (بزانێ) بۆچی بێکارە!

– دەبێ بزانوون (بزانم) بۆچی بێکارم!

– دەبێ بزانی، بۆچی بێکاریی!

بەم بۆنەیەوە، جیهانئارا خانم یەژێ:

دووبارە، واتەن، مەر ئەو حەکیم بۆ<br>
دەوا بزانۆ، پەرێ، دەردی تۆ

هەروەها دەڵێ:



(تەمام هەر جەتیر، تانەی بەدکاران<br>
مەرحەق بزانۆ، چۆنم، ویاران)

**بشۆ (بشین)**: بشۆ، بەواتای (برۆ) دێت و (بشین)یش، بەواتای (بڕۆین) دێ و بەم جۆرە، دەخرێنە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بشۆ، وەسەردەم کارتەوە.

– بابشین، وەسەردەم ماڵە و منداڵەکەمانەوە!

**بکەران (ف. ر)**: ریشەی (کەر) کوردییەکی زۆر کۆنە و (بکەران)یش، بەواتای (بکەن) هاتووە و بەم جۆرەش، لە ڕستەدا، بەکار دێ:

با، کارەکەشان، بەخاسیی بکەران

واتە: با کارەکەیان، بەخاسیی بکەن!

**بکیانۆ (ف. ر)** بکیانۆ، خۆی لە خۆیدا، ڕستەیەکی تەواوە و لە دۆخی (ئیزن) و (فەرمان)دایە یاخود، جۆرە داخوازییەکە و بەواتای (بنێرێ)، یان، (بابنێرێ) هاتووە و بەم جۆرە، لە ڕستەدا، بەکار دێ و دەوترێ:

– پێی، بڵێ، با کوڕەکەی بۆ لام، بنێرێ (بکیانۆ)!

– با، پێخامش پەی بکیانۆ!

واتە: با پێخامیی، بۆ بنێرێ!

**(بلووک)(ن)**: بەناوچەیەک دەوترێ، کە چەند دێیەکی تیادا کۆ بووبێتەوە، یاخود بەگەرەکیش دەوترێ و بەم جۆرە بەکار دەهێنرێت و دەوترێ:

– خالم، گەورەی بلووکێکە لە کوردستاندا.

– ماڵیان، کەوتووەتە، بلووکی ئەدەبەوە.

**بمانۆ (ن. ر)**: خۆی لە خۆیدا، ڕستەیەکە و بەواتای (بمێنێ) یان، (با بمێنێتەوە) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– باچاگە بمانۆ، تاوەکو من مەو!

واتە: با لەوێ، بمێنێ، تاوەکو من دێم!

**بن (ن)**: (بن) بەواتای (بێخ) و (چڵ) دێ و (بن وەبن)یش، هەر لەمەوە وەرگیراوە و بەم

جۆره، لە ڕستەدا، بەکار دەهێنرێ و دەوترێ:

- قەڵەمەکەی کەوتە بنی حەوزەکەوە!
- لە بن، ئەو دارەدا، تەڵێ مێوی ناشتووە!
- کابرا، بن وەبن، بەدواییدا، دەگەڕێ!

**بنە (ن)**: ئەم وشەیە، بەواتای، (بەشێ، وەچەیێ، سووکەماڵێ) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- عیلەکە بارگەوبنەی پێچایەوە.
- ئەوان، لە ناو باخەکەیاندا، بنەیەکیان هەیە!
- لە بنەماڵەی ئەواندا، هەریەکێکیان ماوە!

**بنگوێز (ن)**: ناوی هەوارگەی هۆزی (شەرەفبەیانی)یە و پاڵی داوە، بەکێوی (بەمۆ)وە و سەر بەعراقە.

**بنیش (بنیشن) بنیشۆن، بنیشوون**: بنیش، ڕەگی فرمانە و چاوگیشیەتی و وەک فەرمانێکیش، بەواتای (دابنیشە) هاتووە و (بنیشن)یش فەرمانە بۆ کۆی دووەم، یاخود ئیزندانە، (بنیشۆن) داخوازییە، بۆ تاکی سێیەم (بنیشوون) داخوازییە، بۆ تاکی یەکەم و بەم واتایانە، هاتوون:

- (بنیش)، بەواتای (ڕەگ، چاوگ) دابنیشە، دانیشە.
- (بنیشن)، بەواتای، دابنیشن، هاتووە.
- (بنیشۆن)، بەواتای، دابنیشێ، هاتووە.
- (بنیشوون)، بەواتای، دابنیشم، هاتووە.

**پا (ن)**: (پا) بەواتای (پێ) هاتووە، هەر لە کۆنەوە، بەو جۆرە بووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- ها وەپاوە. بەواتای: ها وەپێوە ڕاوەستاوە، هاتووە.
- پا وەپای ئەکا. واتە: بەپێی ئەو بەڕێوە دەڕوا.
- پای کردە پالا. واتە: زۆر پەلەی لێ کرد.
- پالا. بەواتای (پێلاو، کەوش) هاتووە.



**پاپەتی (ئن)**: پاپەتی، ئاوەڵناوە و بەو کەسە دەوترێ، کە:

- پێلاو (پالا)ی لە پێدا نییە!
- دەست کورت و نەدارایە!
- وەک لەقەوێکیش، بە(عارەب) دەوترێ:

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- لەبەر پێخاوسی عەرەب، بە پاپەتی ناوبانگی دەرکردووە!

**پار (ن)**: بەواتای، ساڵی ڕابوردوو هاتووە و هەندێ جاریش، بەواتای پارچە، تیکە، لەت، شڕ، دڕاو، ڕزاو، هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- پار و ئەمساڵ، بۆ گرانی، هەر مەگەر خوایان یەکێک بێ!
- مۆرانە، جلەکانی پارە پارە و ئەنجڕ ئەنجڕ کردووە!

**پاراو (ئن)**: واتەی، کەفەسەر بەئاو، تێرئاو، مەلاو، دەدات و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- ئەو دوو ڕۆژە لەسەریەک دەبارێ و بەجارێ دنیا پاراو بووە!
- فیکری ئەو پاراوە، بەفەرهەنگی ڕۆژئاواییەکانەوە.

**پارێز (ئن)**: پارێز، بەواتای، دوورکەوتنە لە هەندێ هەڵسوکەوت و خواردن، ئاگاداریکردنی خۆ، لە هەندێ شت، دوورەپەرێزی، لە هەندێ کەس، هەندێ کردەوە، هەروەها بەواتای، بە(ئەسپایی و نەدیدەنی و بێدەنگی نزیک بوونەوە).

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- دەستی شکاو، پارێزی گەرەکە.
- ئەو، پیاوێکی زۆر ڕەوایە و لە ئاوی شەو، پارێز، دەکات!
- بەپارێز، توانی خۆی نزیک بکاتەوە، لە بزنە کێوییەکە!

بەم بۆنەیەوە، خانا یەژێ:

(بەو تەور، جە شەوان، مەشیم وەپارێز
ڕێزەی ڕێخ جە پام، نمەکەرد ئاخێز)

**پاس (پاسەبان و پاسەوان) (ن)**: (پاس)، ڕەگی کارە و چاوگیشە و بەواتای (ئێشک)،

(ئاگادارکردن)، (چاودێری کردن)، (بەخێوکردن) دێ و (پاسەبان) یان (پاسەوان)یش بەو کەسە دەوترێ، کە کاری (پاس) دەکات و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– پاسەوانی، پاسگاکە، شەو و ڕۆژ، پاس، دەکات!

**پاسە (پاسەن)**: ئەم وشەیە، بەواتای وەها (بەو جۆرە) هاتووە و دووەمیشیان (پاسەن) زیاتر و پتر، دڵنیایی، بەدەستەوە، دەدات.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– پاسە ئاما، کە نە لۆوە!

واتە: وەها هات، کە نەڕواتەوە!

یاخود: بەو جۆرە هات، کە نەڕواتەوە!

**پاشیان (ف)**: بەواتای (بەڵاو، پرژناء، پژگاندن) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– تازە کۆچشا کەردەن و یانە کەشا، پاشیان.

واتە: تازە کۆچیان کردووە و ماڵەکەیان بڵاو بووەتەوە.

بەبیروڕای ئێمە، (پاش)، لە (پژگاندن، ڕژاندن)ەوە هاتووە و بەم جۆرەی خوارەوە، لەگەڵ، (ئاو) و (شلە)ی دیکەدا (کە وەک دەوا و دەرمانی گیراوە) بەکار دێ و دەوترێ:

ئاو پژ، بووە بە، ئاو پاش.

دەرمان پژ، بووە بە، دەرمان پاش.

**پاوە (ن)**: ناوی (شارێکی) ناوچەی هەورامانی لهۆنە و کەوتووەتە بناری ڕۆژئاوای شاهۆوە و حاڵی حازر، مەرکەزی قەزایەکە، کە سەر بەناوچەی کرماشان -ەوە. ناوی بنەڕەتییەکەی (پاڤە)یە، کە لە گەشتەکەی زەردەشتدا، لە قەراغ سیروانەوە، بەرەو ئاویەدر ڕۆیشتووە، هاتووە و مەردۆخ لە لێکدانەوەی وشە (پاوە)دا، باشی بۆ نەچووە! (تەماشای، کوهای ناشناختە و غرب ایران – دولتشاهی) بکە.

میرزا شەفیع یەژێ:

سەراو چوون هەولی مەسکەن چوون پاوە
ماچی بەهەشتەن، وە ڕووی دنیاوە!

میرزا ئۆلقادریش دەڵێ:



ئافەرین شەفیع، شوعرای خۆش خەیاڵ
فەردت باقییەن، تا وە هەزار ساڵ
سەرا و چوون هەولی، مەسکەن چوون پاوە
ماچی بەهەشتەن، وە ڕووی دنیاوە!
منیچ تەسدیقم یەکجار کەردەن پێش
یەقین بەهەشتەن، بۆی حۆر مەیۆ لێش.

**پایان (ن)**: پایان، بەواتای (کۆتایی) هاتووە، ئەمە ئەگەر وشەکە، وەها لێکی بدەینەوە، کە لە فارسیدا، بەکار دێ، بەڵام لە زمانی کوردییدا، (وەک کۆ) بەواتای (پلە) و (پایە) و (کۆڵەکە) دێ، کە کۆبەکیان (پلان)، (پایان)، (کۆڵەکان)ە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– کارەکەی ئەوان پایانی هات.

بەشێوە کوردییەکەی بەم جۆرەیە:

– ئەوان، لە پایانێکی بەرزدان.

– دەوڵەت، مزگەوتێکی سیی پایانی، کردووەتەوە.

شایانی باسە، وشەی (پایان) بەهۆی لێکدانی لەگەڵ (بێ-)دا، (بێ پایان) پێک دەهێنن و بەواتای (فراوان)، هاتووە و بەم جۆرە، لە ڕستەدا، بەکار دێ و دەوترێ:

– ئەو سەروەت و سامانێکی بێ پایانی هەیە!

**پەڕ (ن. ئاوەڵکردار)**: پەڕ، بەواتای، (سەرسنوور)، یاخود (مەرز) هاتووە و هەروەهاش بەواتای پەڕی مریشک و باڵندە (پەل) هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەمڕۆ، لەوپەڕی باخەکەمانەوە، (کاوە)م بەرچاو کەوت.

– زوربەی سەرینەکانمان، لە پەڕی مریشک دروست کراون.

لە شێوەی ناوچەی هەورامانیشدا، بەواتای (پڕ) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– پەڕی، بەرمیلێ (بۆشکەیێ) نەفتمان پەی ئامان.

واتە: پڕی، بەرمیلێ (بۆشکەیێ) نەفتمان بۆ هاتووە!